


پایزی زەعیم

تەڵعەت تاهیر





دەزگای فام

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAMpublication

بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

چاپی یەکەم - ٢٠٢٥

پایزی زەعیم

نووسینی

تەڵعەت تاهیر

بابەت: شیعر

پێوانە: ١٣.٥*٢١سم (١٦٨) لاپەڕە

مۆتیڤ: هونەرمەند قەرەنی جەمیل

ISBN: 978-9922-709-60-4

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٧٧٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێ دراوە.

پایزی زەعیم

تەڵعەت تاهیر

لە پەراوێزی ڕۆمانی (پایزی پاتریارک)ی گابریێل گارسیا مارکیزەوە

تێبینی:

هەر کەسێک هەستی کرد ئەم دەقە ڕەفتارەکانی دەگرێتە خۆی، ئەوا هەڵەی ئەم نووسینە و ڕۆمانەکەی گابریێل گارسیا مارکیز نییە، بەڵکوو هەڵەی کار و کردەوەکانی خۆیەتی. خۆ ئەگەر خۆیشی تێدا دۆزییەوە، ئەوا پێش هەمووان پێشکەشە بە ئەو.



پایزی زەعیم...
تێکستێک لە پارادۆکسەکانی مرۆڤ

د. سەروەر عەبدوڵڵا

تێکستی پایزی زەعیم، زادەی ئەزموونێکی دووروودرێژی خوێندنەوە و ڕامان و شیعرنووسیی تەڵعەت تاهیرە، گوزارەی گوزەرێکە بە نێو کۆمێدیاکانی ئاکاری مرۆڤ، وەختی بە ڕێکەوت یان بە پلان دەکەوێتە نێو کایەی دەسەڵات و هەموو خەمی ڕۆژانە و نیاز و هێز و هەست و باوەڕ و بیری دەخاتە کار بۆ گەیشتن بە ترۆپکی خۆتێرکردن و پاراستنی دەسەڵاتەکەی. وێنە شیعرییەکانی تێکستی پایزی زەعیم بەرجەستەی ڕیایی و ئیرەیی و ساختەکاری و واهیمەی

زۆرزانـــی و بـــاوەڕی ڕەهـــای کەســـایەتیی سیاســـەتکاری سەردەســـتەی حوکمـــدارییە، کە سیســـتەمێکی تریفیـــاڵتی و پووچگەرا حوکمی دەکات، بە تایبەت وەختێ کۆمەڵ لە مێگەل و نێرگەلێکـی دواکەوتـووەوە نایەوێـت هەنگاوێـک بەرەو سـەر بڕوات.

تێکستی پایزی زەعیم لە زنجیرەیەک دیمەنی لێکدراو پێک دێت، کە هەر یەکێک لەم دیمەنانە بەرجەستەی ڕوویێـک لە ڕووەکـانی باڵادەسـتیی سـینبوڵی دەسـتەڵات و حوکمـداری و بڕوابەخۆنەبوونی گەلێکی نەفام دەکات. بە دەربڕینێکـی دیـکە ئەم تێکستە ڕامان و وردبوونەوە و دەربڕینێکی شیعرییە بە نێو سایکۆلۆژیای و ئاکاری کەسێکی پڕ لە واهیمە، کە هەر تەنها ڕێکەوتێـک بەسـەر میللەتێکـی بێـدەرەتان کردوویەتـی بە سەرۆک، دواجاریش چارەنووسی میللەت قوربانیی حوکمداریی ئەو سـەرۆکە بێسـەوادە بێـت، لێـرەوە تێکسـتەکە گـوزارەی پەژمـوردەیی میللەتـێکە، هێشـتا لە جەوهەری خـۆی و خاوەنـدارییەتییەکەی خـۆی نەگەیشـتووە و ئاسـۆی بیرکردنەوەکەیشی هەر لە نێو سیستێمێکی میراتاسا و خۆڕسکی خێڵگەرایی شێخگەرایی و هێزگەراییەوە دەخولێتەوە، بێگومان ئەمەش بە دروستی نموونەی خودی سیستەمی کۆمەڵی شاعیر خۆیەتی، کە سـەرچاوەی سـەرەکیی تێکسـتەکەیە، لێـرەوە ئەم

تێکسته خوێندنەوەیەکی پڕ لە ڕامانە بۆ پارادۆکسی ئاکار و کار و کردارە سروشتییەکانی مرۆڤ، کە لە ئاخێزگەیەکی مێژوویی نەخوازراوەوە چارەنووسی خۆی لە هەڵدێریکەوە بۆ هەڵدێریکی دیکە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت. ئەم خوێندنەوەیەی تەڵعەت هەر تەنها دەربڕینێکی وشک و داپەڵۆسراو و دوور نییە لە جوانییەکانی دارشتەی ئەدەبی، هەروەها گواستنەوەیەکی فۆتۆگرافییانەی حاڵەتەکان نییە، بەڵکوو هەوڵدانێکی جیددیی شیعرییە تیایدا زار و زمان دەکاتە ئامرازێکی زیندوو و بەرکاری دەخات بۆ کردنەوەی ئەو وردە پریاسکە ناتەبایانەی مرۆڤی کورد، کە لەنێوە خۆی و لەگەڵ غەیرەخۆیدا دروست بووە، نەخاسمە وەختێ سەرکردە و بنکردەکانی ئالوودەی نەخۆشییە دەروونییە سیاسییەکان و واهیمە مەزنەکانیان و دیدە کۆمێدییەکانیان دەبن.

بێگومان هەر لەو کاتەوە، کە زمان بەشێک بووە لە ئامرازە سەرەکییەکانی گوزارەی مرۆڤ و کردە و هەست و نەستەکانی خۆیەوە، ئەوا وردەوردە لەگەڵ قۆناغێکی گەشەسەندووی زمانەکەیدا، زمانی شیعری بووەتە بەرزترین و جوانترین ئاستی ئەم گوزارەیە و دواتر ئەم ماددە شیعرئامێزە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەڵگری کێشەیەکی گەورەیە لە ناتەباییەکەی ڕۆحی تێکستنووس و سیستێمی دەورووبەرەکەی، لێرەوە تێکستی

پایزی زەعیم نموونەیەکی ڕاست و ڕەوانی ئەم گەشەسەندنە مێژوویی و شیعرییەیە.

لەگەڵ ئەوەیدا پایزی زەعیم نمایشی ئاکارە سەیر و سەمەرەکانی سەرۆکێکی بێسەلیقە و بیرتەسک و کورتبین و خێڵگەڕایە، هاوکاتیش لەگەڵیدا نمایشێکی باڵای ئەدەبییە، دوور لەوەی ببێتە دەهۆڵ و دروشم. شاعیر لە تێکستی پایزی زەعیمدا هەوڵی داوە پشت بە تازەترین تەکنیکی شێوازە ئەدەبییەکانی ئیمڕۆمان دەبەستێت، بە تایبەت لە کایەی دەرچوون لە ڕەگەزکاری و جۆرکاریی تێکسکتی ئەدەبی و یان خۆخستنەپاڵ ئەو سیستەمە ڕێساییانەی ڕەگەزێک دروست دەکەن لە و ڕەگەزە ئەدەبییانەی ناوێکی بۆ داندراوە بەوەی چ لە جیهانی شیعر بێت یان پەخشان لەویش ئەولاتر بخرێتە نێو جۆرێک لە جۆرەکانییانەوە. شاعیر هەوڵێکی سەرکەوتووانەی داوە لەوەی ئەم پێوەرە پێشینەییانە بشکێنێت لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەو ئازادییەی تێکست، کە دواجار ئازادی بە گوزارەی شاعیر دەدات کۆمێدیا ڕاستینەییەکانی ئەم جیهانە لە ڕێگەی خودی خۆیەوە بۆ خوێنەر بەرجەستە بکات، هەر بۆیەش خوێنەری سادە لە پایزی زەعیمدا ناتوانێت دەستنیشانی ڕەگەزایەتی و جۆرایەتیی تێکستەکە بکات لە نێوان شیعرێک

که به شێوەیەکی سەرەکی پشت بە زمانێکی میتافۆڕ (ئیستیعارە) دەبەستێت یان گێڕانەوەیەک بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە زمانێکی میتانۆمی (کینائی) دەبەستێت، بۆیە خوێنەر لە کاتێکدا پێی وایە تێکستەکە شیعرە، لە هەمان کاتدا پێی وایە گێڕانەوەی بەسەرهاتی زەعیمێکە کە بووەتە بەڵای سەری ئەم میللەتەی. بێگومان ئەمەش بۆ هەر تێکستکارێک کارێکی سادە و ئەرکێکی سانا نییە و هەر لەخۆڕا بۆی ئەنجام نەدراوە، بەڵکوو بە توێژینەوەی ورد و ڕامانی قووڵ و سەرنجدانە دیاردەکانی مرۆڤایەتی و دەروون و ئاکارناسیی مرۆڤی کورد لەم قۆناغە مێژوویەیدا سەرچاوەی گرتووە، شاعیر ساڵانێکی دوورودرێژ لەنێو ئاخ و ناخ شپرزەیی ئەم کۆمەڵە دواکەوتووەدا ژیاوە و بەنێو ناهەمواری و ناتەبایی و کۆمیدیا و پاڕادۆکسەکانیدا گوزەری کردووە.

تەڵعەتی شاعیر لە داڕشتەی تێکستی پایزی زەعیمدا تەکنیکێکی جیای بەکار هێناوە بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونە شیعرییەکانی دیکەی، ئەویش تەکنیکی چەندینکاریی دەنگی شیعرییە لە نێو تێکستدا. لە کاتێکدا پێکهاتەکانی تێکست وێناکردنە بۆ چەندین حاڵەتی جیاجیا یان میکرۆگێڕانەوەی چەندین وردە ڕووداوە، ئەوا یەکێک لە تەکنیکەکانی ئەم

نمایشـه، به چەنـدینکاریی دەنگـی شـیعرییە لە نێـو جیهـانی تێکسـتدا. لە لایەکـی دیـکە شـاعیر لەپـاڵ گێرانەوەکـانییەوە، توانیویەتی بوارێک بداتە میتاگێڕاوە، ئەمەش لە پیناوی ئەوەی تۆکمەکاریی تێکست هاوسەنگییەکانی بپارێزێت، بەوەی بەتاڵی نەکاتەوە لە دید و جیهانبینی و کۆمێنتەکانی خۆی و دوا جار خـوێنەر ون نەبێـت لە نێـوان دەسـتەواژە و وێـنە و بیـرۆکە جیاجیاکـان، کە کـۆی پارادۆکسـە بەرجەسـتەکراوەکانی نێـو تێکستەکە پێک دەهێنن، لێرەوە تێکستی پایزی زەعیم دەبێتە ئەزموونێکی تازەیە لە بیناکاریی تێکستی ئەدەبی کوردی.

دەبـێ ئامـاژە بەوەش بکرێـت کەوا ئەم تێکسـتە، لەگەڵ ئەوەیدا دەچێتە دەرەوەی سیستێمی تێکستی کورت، ئەوا شاعیر زیرەکـانە توانیـویەتی خـودی تێکسـتەکە بە سـەر زنجیـرەیەک گرێدا دابەش بکات، کە هەریەکەیان بەقەد تێکستێکی بچووک خـۆی نمـایش بکـات، ئەمە جـگە لەوەی توانیـویەتی جیاوازییەکـانی زمانەکـانی دەنـگە شـیعرییەکانی نێـو تێکسـتەکە بپارێزێت.

یەکێک لە ڕووە سەرنجڕاکێشەکانی داڕشتەی ئەم تێکستە، پێـک هـاتووە لە پلانـی تـۆکمە و ئـاڵۆزیی کـارۆردیی لە

جێبەجێکردنـــدا، بەو مەبەســـتەی ئەم ڕوون و ڕەوانییـــەی لە تێکستەکەدا بە دی دەکرێت بئافرێندرێت. پاڵپشت بەم میکانیزمە تایبەتەی شاعیر لە داڕشتەی تێکسکتە هێشوویە درێژەی شاعیر پێڕەوی کـردووە، دەکرێـت بە هەنگـاوێکی دیـکەی جیـاواز و بــوێرانە دابنــدرێت لە ئەزمــوونی شیعرســازیی هــاوچەرخی کوردیدا. بۆیە پێویستە ئەوە بڵێین ئەدەبی هاوچەری کوردی پێویستی بەم جۆرە هەنگـاوە بـوێرانە هەیە بـۆ ئەوەی بتوانێـت گۆڕانکاریی بەسەر ئەم قۆناغە ئەدەبییەی ئیمڕۆ هەیە بهێنێت.

بە ئـاوڕدانەوەیەکی کــورت بــۆ نێــو ئەزموونکارییەکــانی پێشـووی ئەدەبـی هـاوچەرخی کـوردی، بە تـایبەت لە سـاڵانی هەشتا بەرەوسەر، دەبینین زنجیرەیەک لە هەوڵی تاکەکەسی و ئەزمـوون و تەکنیکـاریی نزیـک لە کـارەکەی تەڵـعەت تـاهیر (پایزی زەعیم)ەوە نووسراوەتەوە و بڵاو کراوەتەوە، بە تایبەت لە لایەن شـاعیرە هەرە ناسـراو و دیارەکـانی کـورد، بەڵام ئەم ئەزمـوون و هەوڵانە، هەردەم کورتیـان هێنـاوە و تاسـەر بڕیـان نەکردووە، بەردەوامییان نەبووە دواتریش لە ڕووی تەکنیکییەوە سەرکەوتنی ڕاستینەیان بەدەست نەهێناوە، ئەم بەردەوام نەبوون و سەرنەکەوتنەشـیان دەگەڕێـتەوە بـۆ دوو هـۆی سـەرەکی کە ئەوانیش، یەکەمیان: زۆرینەی تێکستکاران باوەڕییان بە ڕەگەز و ڕەگەزکاریی ئەدەبییەوە هەبووە و دوا جار لەسەر هەمان بنەما و

هەمان تێگەیشتنی سنووردار هەوڵی ئەوەیان داوە، گۆڕانکاری و جیاوازکاری و تازەکاریی تێکستەکان لە نێوان ئەو جۆرانەی کە لەنێو جۆرەکانی ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ئەدەبدا ناسیویانە بێنـنە ئـاراوە، لەم میکانیزمەشـدا گۆڕانکـاری بەسـەر تێکسـت یەکجـار سـنووردار و لاواز دەبێـت. دووەمیـان: زۆریـنەی تێکستەکان دارشتەکەی زار و زمـانێکی شیعریی سێنتێمێنتاڵیی ئـاڵۆز و سینبولکار بـووە، هەردەم لە ژەنگـاری زمـانێکی تەواو میتـافۆرمی (ئیسـتیعاری) خـولاوەتەوە و دوور بـووە نەیتوانیـوە چەکەرەیەکی دروستی بکات بە زمانە میتانۆمی (کینائی)ییەکە و دەستەواژەکانییەوەی، کە فـاکتەرێکی کـاریگەرن لە تەکنیکـی گێڕانەوەدا، بێگومان ئەمەیش وای کردووە میکانیزمی زمان دوا جار پەکی بکەوێت لە ئەرکـی گەیانـدنی تێکستێک دوا جـار گێـڕانەوە، بەشـێکی زینـدوو و درەوشـاوە نەبێـت لێـیەوە. هەر بۆیەش ئەزموونەکانی پێشوو لە هەوڵی ئامادەیی گێڕانەوە لەنێو تێکستدا و تـانوپۆی شـیعرییانە لەگەڵـیەوە تـا ڕاددەیەکـی زۆر کورتیان هێنا، مەگەر تاکوتەرایەکی ڕێکەوتساى لێ نەبێت.

تێکستکار لە پایزی زەعیمدا هەر بۆ گەمەیەکی مەبەستدار خۆی دەخـاتە پشـت (پـایزی پاتریـارک)ی گابریێـل گاریسـیا مـارکیزەوە، لە کاتێکـدا کـاریگەریی چەنـدین خوێنـدنەوەی دیکەی بەسەرەوە هەیە، بەڵام جێگەی ئاماژەیە، کە ئەم هەموو

خوێندنەوانەشی هێشتا هەر لە پەراوێزی خودی تێکستەکەدا دەمێنێتەوە، بە تایبەت وەختێ بە ڕوونی دەبینین، کەوا زۆرینەی ڕەهای وێنە و سکێچ و دیمەن و حاڵەتەکانی نێو دەقەکە زادە و زایەنی ئەو بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی خۆیەتی، دێت و بوێرانە لە تێکستێکی کراوەدا شیعرییانە گوزارەی لێ دەکات.

تێکستی شیعریی کاریگەر و زیندوو تەنها زێدی هەست و نەست و خەون و خەیاڵ حەزە هەنووکەییەکانی شاعیر نییە بەڵکوو بە شێوەیەکی سەرەکی زادەی ڕامانێکی قووڵ و جیهانبینییەکی فرەوان و خەیاڵێکی زیندوو و بەکارهێنانی زار و زمانێکی ڕوون و ڕەوانە، تێکستی شیعریی بەکارخستنی تەکنیکێکی تەرز تازە و خولانەوەیەتی لەنێو ئەزموونێکی ڕۆژانەی وریا و گەشەسەندوو، ئەو تێکستەیە دەتوانێت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پێوەستگیر لەگەڵ خوێنەردا دروست بکات، جا ئەو خوێنەرە چ دەستەبژێر بێت یان هەر خوێنەرێکی ئاسایی بێت.

تێکستی پایزی زەعیم لە پرۆسەی گشتی ئەدەبیدا، ئەو تێکستەیە بوێرانە بە ئەزموونگەکانی پەخشانسازی و شیعرسازیی هاوچەرخی کوردیدا تێپەڕیوە و تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە

الۆزیی تەکنیکدا، ڕوون و ڕەوانی تێکستێکی کراوە دروست
کات و دوا جار ئێمە هەر تەنها وەک میتافۆرێک پێی بڵێین
یعر.

بەرلین ٢٠٢٤/١١/١



وەک هەموو شەوێک، لە شەوەکانی حوکمکردنی

هەر تەنها بۆ ئەوەی بسەلمێ کە ئەو عاقڵەکەیانە

پـێش خەوتـن بە چـرایەکەوە لە حەوشـەی کۆشـکە بـۆن

ساردەکەیدا



کۆریتی مریشک و تەویلەی مانگا و قەفەزی تەیرەکانی

دایکی بەسەر کردەوە،

بە تەقەی پێڵاوەکەی پاسەوانەکانی بەئاگا هێنایەوە

ئەو پاسـەوانە بەسـتەزمانەی وەک گـنـدۆرەی ڕووکـراوی

بەردەم پیکابێک

لە سەرمادا لەتەنیشت یەکتر خۆیان گرمۆڵە کردبوو.

یەکە یەکە ژوورەکـانی کۆشـکی پشـکنی و گڵۆپەکـانی

کوژاندەوە.

یەکدوو قەترە لە گیراوەی زەنجەبیلی قووت دا بۆ ئەو قەبزییەی وەک ناوی خۆی لەگەڵیدا گەورە ببوو،

یەکدوو قوم ئاوی گوڵەحاجیلەی خواردەوە، کە ئێواران دایکی لە دەفرێکدا بۆی دەخووساند،

تاوەکوو ئێشی فتقەکەی ناوبڕێک وەرگرێ...

پیش ئەوەی بگاتە ژوورەکەی

لە یەکێک لەو کونە دیوارانەی تێیدا خواردنی لە دکتۆر و پاسەوانەکان دەشاردەوە،

فووتووی هەنگوینەکەی دەرهینا و

بە پەنجەی دۆشاومژە نیوەی کرد

ئینجا بە چوار تەرەقە هەر چوار دەرگای لەسەر خۆی کلیل دا

پەتی کلیلەکانی لە مل کرد و لە عەردەکە لەسەر سک لێی ڕاکشا

دەستی چەپی کردە سەرین و خەوت.



کەس بیری نایە لە کەیەوە بۆتە زەعیم؟!

ئەوەی زانراوە کەسێکی ئاسایی نییە

دەتوانێ کانزاکانی ژێر زەوی بخوات

پێدەشت بە دارستانەوە بجوێت و

ڕووبار هەڵقورپێنێ و ئاسمان بخاتە باخەڵییەوە

مێژوونووسەکانی دەڵێن:

توانای زەعیم لە ئەفسانەکانیش بەدەرە

دەتوانێت بە فوێک چەندین وڵات بڕووخێنێ!

بە هێمایەک مێژوو دروست بکا

کارەبا دەخواتەوە و نالەرزێ

نەوت دەخاتە گیرفانییەوە و ناڕژێ!



زەعیم هەمیشە گلەیی لەوە دەکا

وڵاتێکیان داوەتێ لە هاویندا پلەی گەرمای دەگاتە پەنجا و قسوور

لە زستاندا فرمێسک لە جادەکانیدا جۆگەلە دەبەستێ

پاییزانیش لە جیاتیی گەڵای درەخت

ئومێد لە بەژنی مرۆڤەکانیدا هەڵدەوەرێ.

لە دنیا هێندە نەگبەت بوو

تەنیا دەزانێ فەرمان دەربکا

دایکی گوتەنی: بریا دارتاش بووایە، یان معاون تویبی،

یان هیچ نەبێ هونەرمەند

بەڵام تەنیا دەزانێ فەرمان دەربکا

هەموو سامانەکەی وڵاتێک و فتقێکە

کە دەنگی ژانی زۆر لە فیکەی کتری دەچێ



دایکی... لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێکی وڵاتەکەی بە ناوە،

بە گسک ڕاوی خزمەتکارەکان دەنێت

گوایە دەستبڵاون و

شەکری زۆریان لە چایەکەی باڵیۆزی تورکی کردبوو

هیچ عەرەبانەیەکی سەوزەفرۆش نەیدەوێرا نزیک کۆشک ببێتەوە

ئامادە بوو شینومۆر ببێتەوە لەسەر نرخی دەسکێک کەوەر.

بە بۆیەی دەرگا و پەنجەرە، چۆلەکە و زیقاوی ڕەنگ دەکرد و

بە ناوی بولبول و کەنارییەوە بە وەزیرەکانی دەفرۆشتەوە.

وێڕای پاڕانەوەمان، لەبەرچاوی میوانەکان و لە تەنیشت هۆڵی کۆبوونەوە

دەستی لە عادەتی سووتاندنی قشپل هەڵنەدەگرت

تا لە دانیشتنەکاندا مێشوولە نزیکی کوڕەکەی نەبێتەوە!

ڕۆژێکیان ئابڕووی بردین

کاتێ کوڕەکەی بە بەرگی سەربازی و بە تەواوی میدالیا ئاڵتوونییەکانی سەرسنگی

لەتەک سەرۆکی میواندا سەرقاڵی پشکنینی پاسەوانی شەرەف بوو

خانم، بە تەنگەتاو سندوقێک شووشەی بەتاڵی بیبسی دایە دەستی زەعیم و گوتی:

مادام هەر دەچیتە دەرەوە

لەگەڵ دەستی خۆت ئەم شووشانە بدەوە دوکانی سەری فەرعەکە

بەوەندەش نەوەستا و هاواری کرد:

گەر دەمزانی کوڕەکەم دەبێتە شت و

ئەو هەموو سەرەسۆدە و مێخ زنجیرە دەبەستێ

دەمناردە مەتکەب!



خاتوون هێندە ڕەزیل بوو
لە پیکابە گەڕۆکەکانی کۆڵان مەعجوونی ددان و سابوونی
ڕەقی و شامپۆی دۆرۆی دەکڕی
جار نەبوو لەگەڵ خاوەن پیکابەکان شەڕ نەکا و بڵێت:
نەڵێی دایکی زەعیمە، کوڕەکەم پارە لە جادە نادۆزێتەوە
پشووی نییە و بیستوچوار سەعات حوکم دەکا
بێ ئەوەی بزانێت کە لە کردنەوەی هەموو شووشەیەکی
بیبسیدا بەشی هەیە!
نەیدەزانی تەنانەت لەو چڕەدووکەڵەی گزۆزی پیکابەکەش
بەشی هەیە لەڕێی ئەو بەنزینە خراپەی دەیفرۆشێ.
کارەسات ئەو ڕۆژە دەستی پێ کرد:

ئێوارەیەکی سێشەممە

زەعیم بە یەکێک لەو شامپۆیانە سەری شوشت و بە هۆی

بەسەرچوونی بەرواری خۆی و

ئەو شامپۆیەی دایکی بە گۆڕینەوەی وردەنان لە پیکابێکی

کڕیبوو

پرچ و برۆ و بەر و برژانگی هەڵوەری،

هەر ڕێک لەو مریشکە قوندە و بێ پەڕوباڵانە دەچوو

کە دایکی بە بۆیاخی دەرگا و پەنجەرە ڕەنگی دەکردن و

بە نـــاوی تەیـــری ئەمـــازۆنەوە بە ئەنـــدام پەرلەمانەکـــانی

دەفرۆشتەوە!

دەستوپێوەندە دڵسۆزەکەی

سەربۆیاخکراوەکانی دەوروبەری

شاعیر و ڕۆژنامەنووس و بەندبێژ و مەلای مفتخۆر

وەک وەفـا و سـۆزێک بـۆ ئەو کارەسـاتی پەڕوبـاڵوەرینەی

زەعیم

بەیەکەوە لە ڕێوڕەســـمێکدا، کە ڕاســـتەوخۆ لە تیڤییەکـــانی

دەگوازرایەوە:

سەر و سمێڵی خۆیان تاشی و چالێنجی قژتاشینی ژنەکان و
سمێڵتاشینی پیاوەکانیان ڕاگەیاند،
ئەو کادیرانەی سەردانی باوکی خۆیان نەدەکرد لە ئینعاش
کەچی بۆ کارەساتی وەرینی سەر و بەری زەعیم وەستان و
ڕاپەوێکیان دروست کرد
چونکە ئێمەش لە سەرەی نان و سەرەی بەنزین و سەرەی
مەعاش ڕاهاتبووین
پرۆسەکە زۆر بە ئاسانی بەڕێوە چوو
ئەوەمـــان پــێ نـــاخۆش بـــوو ســـەرلەنوێ ئەو تـــووکە
حەرامانەشییان تاشییەوە،
کە خەریـــک بـــوو لەســـەری ئەو منـــداڵانە دەهـــاتنەوە لە
خەســـتەخانەکانی هیـــوا و نانەکەلیـــدا دەرزیـــی کیمیاوییـــان
وەردەگرت.
پرچ و ڕیش و سمێڵی هەموومانیان لە یاریگا و باخچەی
گشتی و بەردەم بارەگاکاندا کۆ کردەوە
خەرمانەکانی موو بووە چەندین قەڵات و مامەیارەی دیکە...
ئای چەند گوناح بوون ئەو دایکانەی

لە پرسـەی منداڵەکانیانـدا تەنهـا پەنجەیـان دەگەزی و هـیچ
نەمابوو بیرنەوە.
ئای چەند گوناح بوون ئەو کچانەی
لە نامەکانی پێشوویاندا شیعرییان لە بارەی جوانیی قژیانەوە
بۆ نووسرابوو
کەچی لەبەردەم ئاوێنەدا دوای خۆشوشتن
دایکیان لە جیاتیی هۆنینەوە،
بە ماسـیحەی بچـووک ئاویـان لە سـەرە کەچەڵەکانیـان
ڕادەماڵی.
ئای لە خەفەتی ئەو پیاوانەی لە مامەڵەی بازاڕدا
وەک کەلیمەی شەڕەف دەستییان لەسەر شانی یەکتر دادەنا
چونکە سمێڵیان نەمابوو سوێندی پێ بخۆن.
ئـای لە بەخەسـارچوونی ئەو هەمـوو غەزەل و هـۆنراوانەی
لە بارەی زولف و کەزییەوە.
سبەینەیەک لە خەو هەستاین
ڕەشەبایەک هەڵی کرد و
خەرمانەکانی قژی ژنان و سمێڵی پیاوەکانی

بە هەموو وڵاتدا بڵاو کردبۆوە

موو لەناو هەموو شتێکدا بوو:

هەویری نەنەواخانەکان

سەموونی حەجەری

لەفەی ئیسکان

نۆکاوی سەهۆڵەکە

موو ببووە ئەو چڵەی دەسکی کەرەوز و مەعدەنووسی

دەبەستایەوە

دەنووکی چۆلەکە و کۆتر و بێچووە پەڕەسێلکەکان بە

بنێشتی موو بەسترابوونەوە.

موو، لەسەر تابلۆکانی بەخێرهاتنی دەروازەی شارەکاندا

بە تۆپەڵ لەسەر پیتەکاندا ببوونە خاڵ و مانای سەیریان

دەدا.

موو، چوبووە ناو بوخچەی خواردنی ئەو کرێکار و فیتەر و


کاسبکارانەی

نیوەڕۆیان لەسەر ئیش نانیان دەخوارد.

لەناو پارووی پەنیر و مرەبای ئەو منداڵانەدا بوو

کە دایکیان بەیانییان بۆ چوونە مەکتەب و باخچەی ساوایان

دەیانخستە ناو جانتا بچووکەکانییانەوە.
فلچەی جامی ئۆتۆمبێلەکان بارینی موویان ڕادەماڵی.
تەنانەت کەزیی بەستراوی کچەکانی ئامادەیی
کەوتنە ناو پەروانەی یەکدوو درۆنی وڵاتە دراوسێکانمان و
بەربوونەوە...
ئای زەعیم...!
وێڕای ئەو گوتارە جوانەی بۆیان نووسیت و
بە قوڕگی پڕ گریانەوە لە تەلەفزیۆن پێشکەشت کرد و
تیایدا سوپاسی ئەو دڵسۆزییەی ئێمەت کرد و
هەڵوێستی جوامێرانەی ئێمەت بەرز نرخاند،
دەرچوو حاشییەی سەربۆیاخکراوانت گەورەترین کاسبییان
بە پرچ و ڕیش و سمێڵ و مووی سینگمان کردووە!
لە شێوەی نازییەکان، کوورەی گەورە گەورەی
مووسووتاندنیان هێناوە
ڕۆنێکیان لە مووەکانمان دەرهێناوە کە بە هۆیەوە
سەدان جۆری تۆنەر و سیرەم و کرێمی دەست و قڵیشانی
پێ و لۆوشن و شێدارکەرەوەی دەموچاو و جێڵ و
فاوەندەیشنیان دروست کردووە!



زەعیم ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە

کە خۆی بۆ خۆی دەریدەکا.

پێی سەیرە چۆن نووسەرەکان

لەو نەخێرە گەیشتبوون کە بیری چوو بوو بیڵێ؟!

یان ئەو زۆڵانە چۆن زانییان مەبەستی لەو نەخێرە، بەڵێ

بوو؟!

لەو ڕۆژنامەیەیـدا بیســت کەس بـووین کارمـان هەڵەچنــی
بوو،

خوێندنەوەی ناوی ئەو کارێکی قورس نەبوو

بەڵام کاتێــک لە لاپەڕەیەکــدا زیــاتر لە دووســەد جــار
دەمانخوێندەوە چاومان ڕەشکەوپێشکەی دەکرد،

بەرەبەیانییەک پاسەوانەکانی جەهەننەمیان بە من نیشان دا

ئەو کاتەی هەواڵێکی زەعیم بڵاو کرایەوە و بۆ خۆشبەختی
من شەوی پێشتر هەڵەچنی خەفەر بووم

ڕۆژنامەکەیان لەبەردەمم دانا و هێشتا چاویان بە زلە کوێر
نەکردبووم و پرسییان:

کێ هانی داویت؟!

کێت لە پشتە؟!

چەندت وەرگرت؟!

بینــیم وێنەیەکــی گەورەی زەعــیم بــڵاو کــراوەتەوە، کە
منداڵێکی چڵمنی لە باوەشە و

قەترەیەک دەرمان دەخاتە دەمییەوە

لە جیاتیی ئەوەی بنووسرێت: هەڵمەتی کوتان

بە مانشێتێکی بۆڵد نووسرابوو:


زەعیم هەڵمەتی کورتانی کردەوە!

لە ڕۆژنامەدا چارەسەر بۆ هەموو گرفتەکان لە ڕێگەی

ئاماری ناڕاستەوە دەدۆزرانەوە

سەرەتا بۆ باوەڕپێهێنانی خەڵک بوو

وردەوردە گۆڕا بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ئاسوودەیی خۆیان.



زەعیم لە یاریی شەترەنجیشدا قەڵای خۆش ناوێ

چونکە ڕاستەڕێ دەڕوا

حەزی لە بازە خوارەکانی فیلە

بۆیە قەڵا لە پاشا دوورە و فیل نزیک.



له منداڵییەوە دوژمنی بیرکارییە

تێناگا چۆن هەموو ژمارەکان یەکسان نین بە یەک

وەک چۆن میللەتێک یەکسانە بە ئەوا!




له مێردمنداڵییەوە ڕقی لە فیزیایە

خۆی گوتەنی: زەعیم پێویستە دوو تەمەنی هەبێ

یەکێک بۆ پارەکۆکردنەوە و

یەکێک بۆ خەرجکردنی!




له ئەزەلەوە حەزی لە زیندەوەرزانییە

سەری مامۆستایەک بگوازەوە بۆ لەشی جاشێک

سەری تاوانبارێک بگوازەوە لەشی پارێزەرێک

زیندەوەرزانی ڕێگەی پێ دەدا

چۆنی بوێت سەرەکان بگوازێتەوە!



زەعیم هەموو شتێکی لە پێناو ئێمەیە

ئێمەی بێ وەفا!

کارگەی جگەرەی داناوە

بۆ ئەوەی بە دیار دەسکەوتەکانەوە بە بای دەین

کارگەی کلێنسی داناوە فرمێسکی خۆشیی پێ بسڕین

کارگەی دەرمانی داناوە و هێند پەرۆشە

لە گەچیش حەب دروست دەکا!

باخچەی کردۆتەوە تا بە پارەیەکی کەم

منداڵەکانمان کەروێشک ببینن

کەچی لە پاشملە دەچرپێنین:

لای ئەو... تەنیا پارە ڕیوایەی سەحیحە!

لە ڕاستیدا هێند نەدارە، ئاو چییە ئاو؟!

ئاو دەخاتە بتڵەوە و دەیفرۆشێ!



زەعیم دروستکەری وەرزەکانە

بە قسەکانی بەهار دێنێ

بە کردەوەکانیشی پایز.



زەعیم تاکە کەسە بتوانێت

بە گوفتاری، مانا بسڕێتەوە

بە کرداری، جووڵە لە جووڵە بخات.



زەعیم، لەو خۆڵەی دەیخەنە چاومانەوە

لەو فرمێسکەی دەیکەنە چاومانەوە

ئایندەی ئێمەی لە قوڕ نا.



زەعیم نانێکە لە گەنمی برسێتی

هەورێکە وشکەساڵی دەبارێنێ

خۆی شەوە و ڕەخنەش لە تاریکی دەگرێ

مانگایاکە دەچریکێنێ!



زەعیم دارتاش نییە و ئەو لقە دارە دەبڕێتەوە

لەسەری دانیشتووین

ڕێگای نییە و ئەدرێسی ئەو مەنزڵەیە پێی گەیشتووین.



لە وڵاتەکەی زەعیمدا

ژیان توێکڵە و ناوکەکانی فرۆشراوە.

فرمێسـکێکی پەیـتە و وەکـوو چوکلێـت بە پـارچە لافیـتەی

پێکەنیناوی

دەور دراوە.



زەعیم ڕاستی لە دواوەی ناڕوا

ڕاستی بۆتە فەرشی سوور و بەسەریدا گوزەر دەکا.

خەڵاتـی ئـازایەتی دەداتە ئەو کەسـانەی شـتی دەگمەنیـان هەیە:

چاویان دەبینێ و سەریان کوێرە

پیت دەناسنەوە و ڕستە نازانن

دەنگیان نایە و دەنگ دەدەن

زەعیمی موفەددا، لە ڕۆژی مافی ژناندا پرێمز دابەش دەکا

لە ساڵڕۆژی منداڵاندا باس لەو موعجیزەیە دەکا

کە چۆن بەر لەوەی پێ بگرن، فێری کڕنۆش بوون!

ئەو لاوانەی خۆش دەوێ

تەسبیحی قەزوانیان لە دەستدایە و


بۆینباخ نەبێ هەموو شتێکیان دەچێتەوە سەر باپیران

ئەو ژنانەی بە دڵە

لە ناخەوە پیاون

هەر ئەوەیە: بە شیلە ڕیشیان دەکەن و

بە داو سمێڵیان هەڵدەگرن.



زەعیم هەتا بڵێی گوناحە...

تا ئێستا کەس خەبەرێکی ڕاستی پێ نەداوە

ژەمێکی بە تێری نەخواردووە

پاسەوانەکانی

بە پاساوی ژەهر

نیوەی چێشتەکەی دەخۆن.

لە ترسی ئەوان

هەنگـــوین لە کـــونی دیـــوار دەشارێتەوە.

ناچارە بە دزیی دکتۆرەکان ساوار

بە گۆشت بخوا.

زەعـــیم تەنـــانەت ژیـــانی

تایبەتیشی نەماوە:

ناتوانێت بکۆکێت یان بپشمێ

یەکڕاست دەیخەنە سەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان و

تیشکی دەخەنە سەر و لەژێر ڕۆشناییدا وتار دەنووسن!

بێبەختییەکەی گەیشتە ئەوەی تووتی ماڵەکەی ڕای کرد و

قسە نهێنییەکانی شەو و ترسەکانی لە کودەتا و

فیکەی کترییەکەی بردە سەر جادە و ناو خەڵکەوە

بە دەنگە زیقنەکەشی لاسایی قاقای ژنە خزمەتکارەکان و

ئامۆژگارییەکانی دایکی دەکردەوە وەختێ دەیگوت:

- ڕۆڵە هەندێ پارە لە پشتییەک بشارەوە.

گیانی دایە لەو کورسییە بتهێننە خوارێ،

ئەوەندە دەستوپێ سپییت، خۆ هیچ ئیشێک نازانی.

ئاخر تۆ قەسابیش نەبووی!

یان خۆزگە دەنگت خۆش بایە!

ئێستا شوکر، وەزیرەکان مریشکم بە ناوی چینوماچینەوە لێ
دەکڕن

لەو کورسییە بتهێننە خوارەوە ئەوەش نامێنێ.

کەسی دایە، هەردووکمان پیر بووین

بتهێننە خوارەوە

دەبێ تەنیا سەیری ئەلبوومی وێنەکانت بکەیت

منیش حەوسەڵەم نەماوە چیتر سەڵکەپیاز و دۆشاوی تەماتە
و ژێرپیاڵە خوێ لە دراوسێکان قەرز کەم!



مەیبینن لە وێنەکاندا پێدەکەنێت

زەعیم گوناحە

گندۆرەیەکی بە قەڵەمبڕ پاک نەکرد و ترسی ژەهری نەبێ

لە نیوەشەواندا سەلاجەی بۆ قومێ ئاو نەکردەوە ترسی تەقینەوەی نەبێ

بۆینباخێکی نەبەستا پەتی سێدارەی بیر نەهێنێتەوە

ژنێکی نەبوو پشتی بشوات و

ئێواران شۆربای نیسکێنەی بۆ لێنێت و

بڵێ پیاوەکە خۆشم دەوێیت و پەتاتەشمان نەماوە!

کەسێکی نەبینی هێندەی سڵ لە قسەکردن دەکاتەوە

نیو هێندە لە پیربوون بترسێ!

نەک وەهمی سەرکەوتن،

کەس نەبوو تامی دۆڕاندنێکیشی بداتێ

دۆڕاندنی دەستە دۆمینەیەک!

کەس نەبوو لەبەرامبەریدا پێڕێکی پۆلیسییش دروست کا و
دابەزێ

لە تاوڵەدا قاپووتێکی بۆ بکا

بە حەسرەت بوو سەربۆیاخکراوێک

داشێکی دامەی بە خۆڕایی بداتێ و

لەبریدا داوای شتێک نەکا

ئای...! لە یارییشدا کەس ڕاستی پێ ڕەوا نەبینی!




له دروشمێکەوە

دەماندات دەست دروشمێکی تر

وەک ئەو جگەرەیەی

زیندانییەکانی قوم قومە دەیدەن بە یەکتر.



زەعیم

گەورەترین گرفتی ئەوەیە

ئەم وڵاتەی بەسەریەکەوە بۆ

نافرۆشرێت

هەر شاندێک دەهات ستایشی ئاو و هەواکەی

دەکرد و

وێنەی بەنداوی دوکانی لەسەر دە دیناریی

جاران و وێنەی گەلی عەلی بەگی لەسەر پێنج

هەزاریی نیشان دەدان...

دەیگوت: گوند گوند و شار بە شار نا، بە

جوملە!

پارچەیەک لە پەنیری پێستەی چیای

سەکران و

ژاژی و نفیشکی چۆمانی دەدایە میوانەکان

بە خۆهەڵکێشانەوە دەیگوت:

تامی بکەن...

ویژدانتان هەبێت، ئەمەتان لە کوێ بەدەست دەکەوێ!

ئەمە لە کوێ و پەنیری کیری و بەقەرە زاحیکە لە کوێ؟!



لەگەڵ ئەوەی پێیان گوتین:

چەندە منداڵێکی ساوا پێویستی بە فێربوونی ژەنینی شمشاڵە

ئەو نیو ئەوەندە پێویستی بە زانینی ڕاستی نییە!

ناچار بووین بۆ قەرزی سەربۆیاخکراوەکان بچینە لای

زەعیم

ڕێگەیان دا سێ کەسمان بچینە ژوورەوە

یەکە و جزمەیەکی سەقفتێکردنیان لە پێ کردین

لەناو قوڕاوی ڕەنگاوڕەنگ بە بۆیەی دەرگا و پەنجەرە، ڕێگەمان بڕی

سەربازێک کە هەر پێدەکەنی پێشمان کەوت

لە حەوشەکەدا مریشکی نیوەڕەنگکراومان بینی

دەنووکیان لە وەهمی گوڵەبەڕۆژەی ئەو فەرشانە دەدا بۆ وشکبوونەوە بە پەیکەرەکانی زەعیمدا هەڵخرابوون،

پیرێژنێکمان بینی مانگای دەدۆشی و پرتەوبۆڵەی بوو

سەربازەکە گوتی: ئەمە دایکی وەتەنە!

تێگەیشتین پرتەوبۆڵەکان بۆ ئێمەیە:

چیتان لە کوڕەکەم دەوێ؟!

هەیەتی و نیەتی کورسییەک و فتقێک!

نەک خۆی، ئەم مانگایەش لە ماڵەکەیدا هیچ نییە بیخوات،

قازانی شیرەکەی لار کردەوە نیوەی بە تاڵ بوو:

ئەوە نییە کاغەز کاویژ دەکا؟!

خۆزگە کاغەزی ڕەنگداریش بووایە!

نەخێر ڕۆڵە

لەو کاغەزە جووتپەڕە خەتدارە خورشیدیانەیە،

کە ئەو میللەتە چاوبرسییە شەکوای لێ دەنووسن!

بینیمان: زەعیم بەتەنیا لەسەر مێزێکی نانخواردنی سی و سێ کەسیی دانیشتبوو...

بە چاکەتێکی سپیی کەتانەوە

چاویلکەی خوێندنەوەی هێنابووە سەری لووتی:

زۆر پیرتر بوو لەو وێنانەی بەیانیان لە ڕۆژنامەکانیدا سفتاحی مەراقمان پێ دەکردا

جەستەی بۆنی گیای زەردباوی سەر ئەو سەتڵە ماستانەی دەدا لەبەر هەتاوی چاوەڕوانیدا ترشابن.

ڕەنگی دەستەکانی کەسکێکی ڕەشباو بوو

لەبری موو

قەوزەی تەنکاو و پونگە و

کووزەڵەی تەنیشت جۆگەلەی گرتبوو

که لە مەنجەڵی شەونخوونیدا

بە ئاگری کزی دەسەڵات کوڵابوون.

لووتی گرنج گرنج بوو لە شێوەی بەردەپێی حەمام

کە چەندین سەدە لە ژێر ڕەحمەتی کەفاو بووبێ.

چاوەکانی لە چاوی ئەو پیرەمێردانە دەچوو

لە بەردەمی مزگەوتەکاندا مووس و سیواک و لاستیکی بێجامە دەفرۆشن و

هەموو گفتوگۆکان بەرەو ئاقاری ڕۆژانی ڕابردوو دەبەنەوە.

هێندە بێکەس و ماندوو دەهاتە بەرچاو

پێمان سەیر بوو ئەو هەموو ساڵە

ڕقمان لەو خێر و عەشق لەخۆنەدیوە بۆتەوە!

بە هێمنیی ئەو کەسانەی لە هەژاری ڕاهاتوون و بە منگەی حووتێکی بەساڵاچوو، فەرمووی قسەکردنی لێ کردین...

بۆمان ڕوون کردەوە کە سەربۆیاخکراوەکانی حاشییەی

هیچ نەماوە لێمانی نەبەن

چونکە بەڕێزیشی یەکەکانی پێوان و پرۆسەی لۆگاریتم و

بــڕگە قووچەکییەکــان و هاوکێشــەی لــێکەوتە و خشــتەی لێکدانی نەدەزانی

ناچار بووین لەسەر شێوەی داپیرەمان

ژمارەکانی بۆ ڕوون کەینەوە!

گوتمان: سەر بۆیاخکراوەکان سێ بیست و دە، کە دەکاتە حەفتا جار زیاتر لە بەرهەمی ساڵانەی باخەکانی بۆکان، میوەیان بە قەرز بردووە!

بە هێمنی لەبەرخۆیەوە چرپاندی: ئاخ... ئاخ!

- بەڵێ زەعیم...

پیاوەکانت، بە ڕووبەری دوو جاری هاتوچۆی نێوان ماردین و مەخموور، قوماشی کشمیریی تورکی و کرێشەی هندی و کریپ و مۆزلین و جەرسە و قوزمەدیارە و سەتەن و تیترۆن و چاوماریان، بۆ ژنەکانیان بردووە!

گوتی: ئاخ... ئاخ!

- بەڵێ قوربان: بە قەد قورسایی قەڵاتی هەولێر

قەڵەم و بۆینباخ و نەعلی توبیی و جانتای دبلۆماسی و موعەتتەری ژێربال و مقەویات و عەینەکی شەمسی و

کەڤەر و مەقلّی و شیشی کەباب و پەرداخی سەفەرییان بردووە!

گوتی: ئاخ... ئاخ!

- بەڵێ چاوەکەم:

بە قەد قووڵایی شەشسەد و حەفتا و یەک مەسبەحی دوازدە مەتری

وێسکی دەمپڵ و شیفازی سالووت و بلوو لێیبڵ و ئۆڵپار و بەلانتاینیان بە خۆڕایی خواردۆتەوە!

وەک داشکاندنێکیش بۆ جەنابتان، باسی مەززەکان ناکەین،

کە تەنیا بابەغەنووجەکەی بە قەد ڕووبەری یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ دەبێ!

گوتی: ئاخ... ئاخ!

- بەڵێ گەورەم:

بە قەد درێژایی تەلی عەموودەکانی کارەبای نێوان پێنجوێن و غازی عەنتاب

تەسبیحی عاج و کرمان و کەهرەب و سەندەلووس و قەزوانی لاسوورەیان لە پەنجە ئالاندووە!

گوتی: ئاخ... ئاخ!

- بەڵێ عالییولمەقام:

سەربۆیاخکراوەکانت

بە تانکەری حەفتاودوو هەزار لیتری

فرمێسکی دایکی شەهیدان و خوێنی بانکی خوێنەکان و

ئارەقەی کرێکاران ئاودیو دەکەن

خوناوی نێوچەوانی نەخۆشەکان و نەوتی ناو چراکان

مەرەکەبی شاعیران و بارانی زستان ئاودیو دەکەن

تەنانەت لیکی ساوا دەم بە مەمەکان و شەونمی سەر

گەڵاکان ئاودیو دەکەن

هەڵمی نان و هەڵمی ئاهی جووتیاران و تەڕایی گونیەی

سەر میوەی عارەبانەکان ئاودیو دەکەن

تەڕیی تەڕەشووحیی دیواری مەکتەبەکان و

هەڵمی هەناسەی منداڵە کلێنسفرۆشەکانی چوارڕیانەکان و

هەڵمی فووی دەست گەرمکردنەوەی پیرمێردە قەڵەمبڕ و

دۆخینفرۆشەکانی بەر مزگەوتەکان ئاودیو دەکەن!

- گوتی: ئاخ... ئاخ!

- ئەی چۆن جەناب!

بە قەد خەرمانی گەنم و جۆی دەشتی قەراج

بۆیــاخی ڕەش و ڕەشــی بــۆز و باینجــانی و قــاوەیی و خورماییان بۆ سەر و بەر و سمێڵیان بردووە!

لەوەڕگاکان ئیرەیی بە مەسبەحەکانیان دەبەن.

دانـدۆک و کەشـک و تەمـاتە پلێشـاوەکانی سـەر سـینیی سەربانەکانمان،

ئیرەیی بە ساوناکانیان دەبەن.

شیرینییان لە ڕوخسارەکاندا برد و

لە تفتوترشـیدا خـاڵی ڕوومەتـی یارەکانمـان لـێ بۆتە دەنـکە سماق!

گوتی: ئاخ... ئاخ!

- بەڵێ حەیاتم:

بە کرێتی گەورە گەورە

وێڕای کانی و سەوزایی

گـــرد و گـــردۆڵکە و هەورازی گونـــدەکانیان بـــۆ مەزرەعەکانیان گواستۆتەوە.

بە دەڕاسەی گەورە گەورە

سڵاوی بەیانیان و سەرەخەوی دوای نیوڕۆ و

سەرخۆشیی شەوانی شارەکانیان درویتە کردووە.

دەخیلەی ساواکانیان کردۆتە ئینجانەی پەنجەرەکانیان.

مانگیان وەک دەرهەمێکی زیو کردۆتە زینەی ماڵ.

هەتاویان وەک لیرەیەکی ئاڵتوون خستۆتە قاسەوە.

نیوەی خەڵکیان فرۆشت و بە پارەکەی، دەیانەوێت نیوەکەی تر بکڕن.

قەڵەمی مەکتەبی منداڵەکانیان بردین

مێژووی خۆیان بە ئاوەژوویی بنوسنەوە.

شـیری گـوانی مەڕ و مـاڵات و مەمکـی ژنەکانیـان بـردین وەچەی خۆیان پێ گەورە کەن.

هێڵەکانی ناولەپیان سڕینەوە

تا بەختی هەمووومان بۆ ئەوان بێ.

خڵتی ناو فنجانی قاوەیان خواردینەوە

تا ئایندە بۆ خۆیان بێ.


دوعای بەربانگیان بردین

تا لەو دنیاش هەر ئێمە بسووتێین.

کوتی: ئاخ... ئاخ!

ئاخ...! ئەمانە بە پیری ئەو شتانەیان دەست کەوت،

کە لە منداڵیدا پێویستیان بوو!



ئای موفەددا...

زوو زوو لەگەڵ یەکتر و

لەبەرخۆمانەوە دەمانگوت:

خۆزگە زەعیم دەیزانی

خۆزگە ئاگادار دەبوو

چییان بەسەر هێناین!

ئێمە کە بەو سادەیی و

دڵفراوانییەوە لە

ڕۆژنامە و

تەلەفزیۆنەکانییەوە

دەمانبینی

دڵنیا بووین کە

ئاگاداری هیچ نییە

چەندە جوان سەرقاپی مەنجەڵی برنجە سۆرەی ماڵە

هەژارەکانی هەڵدەدایەوە!

چەندە میهرەبان

دەستی بەسەری منداڵە هێتیمەکاندا دادەهینا!

لە هەواڵەکانیدا ئەو نوورانییە لەخواترساوە

بەس هی ئەوە بوو کەسێکمان بیگاتێ و بڵێ بمانگەیێ...

بڵێ زەعیم،

خەونی خۆشی لەمێژینەی ئازادیی خاک و نیشتیمان

زۆری نەبرد بووە کابووس!

بڵێ: ئەو پەلکەزێڕینەی عەبدوڵلا گۆرانی شاعیر

دوای بارانێکی زۆر چەمابۆوە بەرامبەر بە خۆر

پارچە پارچە کرا و هەر ڕەنگەی تاقمێک بردی.

بڵێ: کەتافەلەبەرەکان

کە تازە لە نەبوونی گەڕابوونەوە

قڕیـــــان بۆیـــــاخ کـــــرد و ژنە کۆنەکانیـــــان تەڵاق دا و
یارەکانمانیان مارە کردا

بۆینباخیـان لەسـەر شـێوەی پیاوەکانی مەجلیسی تەنفیزی و
تەشریعی بەست و

هەرچی فافۆن و ئاسن هەبوو

بە مەبەستی ئاودیوکردن کۆیان کردەوە

سـەرەتا بە شـۆفەڵ و حەفـارە و دەمبەرەکـان دەسـتیان پـێ
کرد

کە تەل و عاموودی کارەبا بێکارەباکان نەمان

ئیتر گەیشتنە گەڕەکە خێرلەخۆنەدیوەکەی ئێمەش

بە ناوی کوردایەتییەوە

ئەو قاپە فافۆنانەیان لە منداڵەکانمان سەند

کە لە سەرەی ساوارکوڵاندندا وەستابوون.

کیلۆی ئاسن و تەرازووەکانیان بردین

لە بازاڕدا چەند گوناح بوون

ئەو ژنانەی پاش دزینی کیلۆ و تەرازووەکانیان

ناچار بوون بە پێ میوە بۆ کڕیارەکان بکێشن!

فەقیرانە لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕان

کە کڕیارەکان لەگەڵ بەرزکردنەوەی قاچیاندا

تەماشای ڕان و پووزیان دەکردن!

چەند گوناح بوون

ئەو باوکانەی دەبووایە بە دزی سەربۆیاخکراوەکانەوە

وەکوو ڕۆژانەی چوونە مەکتەب

وردەی پارەی ئاسن بدەنە منداڵەکانیان!

تەنانەت ئەو پلایزەشیان لە نووریی کارەباچی گەڕەکەکەمان سەند

کە ئێواران بۆ منداڵە بچووکە مەغۆلەکەی گوێزی پێ دەشکاند و دەیهاڕی و بە میهرەبانیی باوکی نوقسانێکەوە لە دەمی دەنا.

قوفڵی دەرابی دوکانەکانیان بردین و

بەڵێنی شۆڕشگێڕانەیان پێ داین

کە ئیتر دنیا ئارامە و

پێویستمان بە قوفڵدانی دوکانەکان نییە

ئاودیوی ئێرانیان دەکرد و

دوای دوو هەفتە شێوەی کونی قوفڵەکانمان و جێپەنجەی

مۆرهەڵگەڕاوی خۆمانمان

بەسەر سۆندە و مەسینەی ئێرانییەوە دەبینییەوە!

ئاسن ئاودیو دەکرا و لاستیک دەهاتەوە

ئەو لاستیکانەی بۆنی هەناسەی ترشاوی ئێمەی دەدا

بەو نانە جۆیە گچکانەی لەبەر نەبوونی گەنم

دایکمان لەژێر قاندرمەدا

بەدەم لاواندنەوەی ڕابردوو لە تاوەیەکدا دەیبرژاند.

بزماری لانکی ساواکانی ئێمەیان لێ دەکردەوە و

نەعلی سەوز و زەرد دەهاتنەوە

تەنەکەی حاوییەکانی زبڵیان دەبرد و

لاستیکی دارلاستیک دەهاتەوە.

ئەو شۆڕشگێڕە سەرتازەبۆیاخکراوانە

ڕێورەسمی فێستیڤاڵی بەرهەمی خۆماڵییان لە بازاڕەکەی ئێمەدا ڕێک خست و

گوتیان دوو ڕۆژی دیکە سەرکردەکانمان دێن

لەپێناو ڕازیکردنییان

دار و درەختی نایلۆنیان لە ئینجانەی گەورە هێنا و لەپێش دوکانەکاندا بە بورغی چەقاندیان.

سەگە لەڕولاوازەکانی بازاڕیان دەرکرد و

سەگی جوان و قردێلەلەملیان لە شوێن دانان.

مریشکە قوندە و بێکلکەکانی ئێمەیان سەربڕی و

مریشکی قەڵەو و تەنگەئەستووریان خستە ناو قەفەسی مریشکفرۆشەکانەوە.

ئەو پشیلانەیان دەرمان خوارد کرد

که خۆیان به قاچی کڕیارەکانەوە هەڵدەسووی و

پشیلەی چاوعەسەلییان هێنا

وەکوو چاوانی ژنە تازەکانیان.

هەندێک میزەڵدانی زەرد و سەوز و شین و مۆریان هێنا و

ناچاریان کردین بە ئاهی بەسەرابیوونی خەونەکانمان

پڕیان بکەین و لەمبەر و لەوبەری دوکانەکاندا هەڵیانواسی.

یەکدوو ڕەسمی گەورەی چەند سەرکردەیەکی شەهیدی

خۆیان بە دیوارەکاندا شۆڕ کردەوە

کە ئەگەر لە سەردەمێکی تر بووایە

خەڵکەکە کڕنۆشیان بۆ دەبردن

کەچی ئێستا دەیانزانی باشترین چاکە کە شۆڕشگێڕ بیکات

ئەوەیە پێش وەرگرتنی دەسەڵات شەهید بێ

پیاوەتییەکی گەورەیە کەسی شۆڕشگێڕ بکوژرێت

پێش ئەوەی کاڤیار بخوات و بالنتاین بخواتەوە و

ژنێکی سی ساڵ لە خۆی بچووکتر بهێنێ و

سەر و بەر و لاجانگ و گوێی لە بۆیاخی پێڵاو هەڵسوێ.

چونکە ئەو بازاڕەش

بێجگە لە تەماتەی پلیشاو و

پیازی سەر ژەنگاوی و

باینجانی تەپەدۆرانە و

گندۆرەی لاقووزە و

دۆشاوی تەماتەی

سینییە تەماتە وشککراوەکانی سەربانەکانی گەڕەک

هیچی دیکەی لێ نەبوو

هاتن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە هاتنیان بۆتە مایەی خۆشگوزەرانی

بە ماددەی پۆلستارین هەناری گەشاوە و

تەماتەی تورت و لیمۆی ڕەنگزێڕینیان دروست کرد.

بە جێبە بێرەقەمەکانیان

حەوزی پڕ ماسییان دەهێنا و دایاندەنا.

قووتووی لازانیا و

قوتووی حومس بە تەحین و بابەغەنوجیان

لە ڕەفەکاندا ڕیز دەکرد.

کارتۆنی سپاگێتیی ئێرانی و

کارتۆنی هێلکەی تورکی لە دوورەوە دەبریسکانەوە،

دوکـــان و ڕەفەکانیـــان پـــڕ کـــرد لەو شـــتانەی ناویشـــمان

نەدەزانیین!

پێش دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکە

دوکاندارەکانیان لەپشتەوەی دوکانەکاندا بەستەوە

چونکە بە بۆچوونی ئەوان

چرووچاوی ئێمە بە کەڵکی بەردەم کامێرا نایەت!

حیمایەکانی خۆیانیان کردە دوکاندار

گوتیان نیو سەعاتێکە و

تاوەکوو سەرکردەکان نانی نیوەڕۆیان بۆ بخورێت و سفتاح بە پەراسووی دیاری سینگی ئێوە نەکەنەوە...!

ئەو کاتەی سەرکردەکان تەشریفیان هێنا، هەستمان کرد بۆچی بەشە خۆراکی مانگانەمان نەماوە! چونکە تازە خەریک بوون بە برنجی بایەعیمان سووکەورگێک لە سەرووی دەمانچەی تاریقی کەمەریاندا بونیاد بنێن!

ئێمە بە دەمبەستراوی لە پشتەوەی دوکانەکاندا زەندەقمان لەوە چووبوو یەکێک لەو سەرکردانە، هەر بۆ تاقیکردنەوە گازێک لەو پرتەقاڵ و لیمۆ دار و تەختانە بگرن و ڕیزی سەرەوە و خوارەوەی ددانیان بشکێ.

دوای ئەوەی ئاسن و فافۆن نەمان، بزمارە ڕەشە بچووکەکانی کەوشی پیرەمێردەکانیان لێ کردەوە.

چەرخە ستیلە فتیلدارەکانی ناو باوولی پیرەژنەکانیشیان برد و ئاودیویان کرد.

ئەوجا هاتنە سەر خەڵک

ئەوانەی لەگەڵ دنیابینیی خۆیان نەدەگونجان، بە منداڵ و

پیـرەوە، "ڕەبـی کەمـا خەلەقتەنـی" خێزانەکانیـان لەو زیـلە عەسـکەرییە سـەربەقوڕانە دەئـاخنی کە لە سـەربازگەکانی بەعسدا بە میراتیی بۆیان جێ هێڵدرابوو،

شاربەدەریان دەکردن، لە سلێمانییەوە بۆ ئەودیو دێگەڵە و لە هەولێرەوە بۆ ئەمدیو دێگەڵە!

ئای لەو منداڵە جوانانەی لە سلێمانی دەرکرابوون و لەناو بازاڕدا بە شەرمەوە دەیانگوت کاڵەک و هێشتا فێری ناوی گنـدۆرە نەبووبـوون! بە خاسـیان دەگـوت کـاهوو، بە ناوسێرییان دەگوت نانساجی!

جەرگت دەبووە ئاو بۆ ئەو شێتە بەستەزمانەی هەولێر، کە ئاوارەی سلێمانی کرابوو!

بیستمان لە ناوەندی سەرا و بازاڕی عەسریدا، بە پێی پەتی و دۆخینـی شـۆڕی شـەرواڵە دڕاوەکەیەوە، بە دەمـی پڕتەتەڵەوە پرسیاری قەڵا و منارەی لە خەڵکەکە دەکردا

ئـای لە مەراقـی ئەو گەنـجە هەولێرییـانەی لە گەڕەکـی ئیبـراهیم پاشـادا، بە شـوێن کۆڵانەکـانی گەڕەکـی نەسـیجدا

دەگەڕان و بە مامەیـــارە، هەورازی بەســـتەپیازە و گـــردی کلکمشکیان بیر دەهاتەوە.

ئـــای لە خەفەتـــی ئەو پیرێـــژنە ســـلێمانییانەی لە قســـەی دراوسێ هەولێرییەکەیدا نەیبیست کەس بڵێت: بەساقەو بم!

لەو ساتەوە زمانمان نەما و وردەوردەش لە دەمی شارەکاندا ئەپارتمانی شۆڕشگێڕەکان بوونە کەڵبە!

ئیتر بەسەرچوو ڕۆژگاری ئەو دڵانەی بە دروشمێک چاک دەبوونەوە!

بە سروودێک پاک دەبوونەوە...!



زەعیم خۆ تۆ کالیگۆلا نەبوویت
داوای مانگ بکەیت و لە ئێمە و
عاشقەکانی ناشرین بکەیت...!
ئەوەی وای کـــرد بەو ڕۆژە بگەیـــن
بەس تۆ نەبوویت،
ئێمەش بووین
ئـــێمەش خـــاک و نەتەوەمـــان لە
حوکمڕانیی جوودا نەکردەوە
ئـــێمەش شکســـتەکانمان بەســـەر
خۆماندا دابەش نەکرد
ئێمەش لەمبەرین.
لەوبەرەوەش شۆڕشگێڕەکان بوون

ئەوانەی پێش وەرگرتنی دەسەڵات دەیانگوت: کفن گیرفانی نییە.

دوای وەرگرتنی دەسەڵات بوونە فیرعەون و دوو هێندەی ڕەمسیسی دووەم و جەنگیزخان ئاڵتوونیان کۆ کردەوە.

ئەوان بە ناوی جوانکردنی خاکەوە، نەک ماڵ و شار و وڵات، تەنانەت ڕوخساری خۆشمانیان لەبەرچاو ناشیرین کردین!

لێرەوە کۆڕەوی هەمووان دەست پێ دەکا:

بەشێک هیجرەت لە شوێن دەکەن

بۆ دۆزینەوەی جوانییە لەدەستچووەکانیان.

بەشێک هیجرەت لە زەمەن دەکەن

بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە لەدستچووەکانیان.

خۆیان بە کاتدا دەدەن و دەچنەوە ناو مێژوو

دەبنەوە قوتابی

هەیە قوتابی قازیی محەمەد و

هەیشە قوتابی ئیبن تەیمییە!

بەشێکیش هیجرەت لە واقیع دەکەن و

بۆ لەبیرکردنی ناشیرینییەکانی ڕۆژگاریان

تەنها دەرەقەتی دەسکاریکردنی

لووت و نینۆک و برژانگیان دێن...

چەند زەحمەتە ئەو ڕۆژگارەی

تیایدا بەخێوکردنی پشیلەیەک

بێئەزیەتتر بێت لە گرتنی یارێک.

چەند زەحمەتە بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت کە هێشتا نەبوویتە گورگ، ببیتە کەسێکی نەباتی.

چەند زەحمەتە ئەوانەی ویستیان جوان بژین

ئیرەیی بەوانە ببەن کە باش ژیان.

زەعیم، ئەم سەردەمەی تۆ، پانتایی بە پاڵەوانبوونی لە هەموومان سەندەوە

بۆ ئاسوودەبوونی ویژدانیشمان هەندێ پەراوێزی بۆ جێ هێشتووین

بۆمان هەیە لە زەوی ڕامێنین و

خەم لە پیسبوونی ژینگە و

تووانەوەی بەستەڵەکەکانی باشوور و باکوور بخۆین

ڕۆژانە نیو سەعاتێک بە پێ بڕۆین و

بە دیار هەواڵەکانەوە چاوەڕێی شەڕێکی گەورە بین

گرنگ ئەوەیە سەر هەڵنەبڕین

ئاگامان لە ئاسمان نەمێنێت

بمانگەیەننە ئەو دۆخەی

بە ناچاری بڵێین: خۆشەویستیی مرد و

مانگ هی ئەوە نەما کەسێکمان بیر بهێنێتەوە

ئێستا مانگ کەسمان بیر ناهێنێتەوە!



گریان هێندە زۆر بوو

زستانان لەژێر قاندرمەدا

جلیکانەی فرمێسکمان لە جیاتیی نەوت دادەنا...!

پێکەنین هێندە کەم بوو

دایکمان لەژێر نوێندا

یەکدوو خەندەی زەمانی زووی باوکمانی دەشاردەوە و

سبەینانی جەژن

لەسەر نێوچەوانمان داماندەنا و ماچمان دەکرد...!

ڕۆژانە لەسەر ساوارەسۆرە

لە جیاتیی گۆشت

دوعای پارجەپارچە دەکرد و

تۆزێکی دەخستە قاپەکانمانەوە.



ددان و نینۆکی ئێمە و

دڕکی گوڵەکان و

دەنووک و چڕنووکی ئاژەڵەکانی دەرهێناوە

تا نەبینە مەترسی بۆی

سیمای گەلێکی شێواند

بەس لە پێناو جوانکردنی ڕوخساری خۆی!



ئەو خەندەیە و ئێمە گریان

ئێمە نەخۆشی و ئەو دەرمان

ئەو گۆشت و ئێمە چڵێ ئێسقان

ئەو نیشتمانە و ئێمە نەمان

ئەی داری ئازادی تۆ لمیت؟!

ئەو هەموو خوێنە و تێر نەبوویت؟!




ڕۆژنامەکەی دەخوێندەوە

خەوی لێ کەوت و کەوتە سەر سینگی

بە قورسایی نەهامەتیی مانشێتەکان

بە خەبەر هات!






هەمووMان ڕامان دەکرد

ژیان و گوزەران ڕاویان دەناین

ئەوەی وەستا بیر بکاتەوە

حەشاماتی تۆ شێلای!



دراوسێ مردووەکەمان خێرا ناشت

داڵی سەر لۆگۆی دەوڵەت

چاوی بڕیبووە بەهەشتەکەی!



کورسییەکی جێگیر و چاوێکی جوولاو

موعجیزەیە!

بە هۆی بیرکردنەوەی وەستاوەوە خەون غلۆر بێتەوە!



زەعیم...

شەکر بە مردن دادەکا.

بلەرێوە ئەی خەم

ئێمە بە پێکەنین دەمرین...

هەموو کۆبوونەوەیەکی

پەرتەوازەمان دەکا

هەموو ڕوونکردنەوەیەکی

قوژبنێکی ژیانمان ئاڵۆزتر دەکا

هەموو دانیشتنێکی

لە سەرەی شتێک دەمانوەستێنی!




ئەو کچۆڵە خنکاوە دەیسەلمێنێ

خوێن بەس نەبوو

زللەی ئاویشی هاتە سەر

ئای زەعیم

وەک ئەوەی تەنیا ئێمە پشتەملی جیهان بین!



دوایین ڕۆژی زستان

درەختەکەی دەروازەی کۆشک

لەبەر خۆیەوە جنێوی بە تۆ دەدا و

لقوپۆپی هەڵکردبوو

ڕای دەکرد بگاتە بەهارا



ئەوەی لێرە ببێتە باوک

ئیبراهیمە و کەسیش بەرانێک نانێرێ!

ئەوەی لێرە ببێتە دایک

هەستی ئەو کۆترە بەستەزمانەی هەیە

هێلکەی لەسەر تەل کردووە!



منداڵەکان کارتی قوتابخانە دەپارێزن

چاک دەکەن

بۆ ئازاری ویژدانیان باشە

دڵنیام کە گەورە بوون

بە شوێن یەک بەڵگەی سەرکەوتنندا دەگەڕێن!



میراتی دەسەڵات

بیرۆکە نییە

لە سەرێکەوە بچێتە سەرێکی تر

بەڵکوو قامچییە

لە دەستێکەوە دەچێتە دەستێکی تر...



ئافەرین دەسەڵات

هەمیشە توانیوتە تەکنیکەکانی فێڵکردن تازە بکەیتەوە

ئیسفنج بە ناوی بەردەباز و

تۆڕ بە ناوی دەربازبوون و

گومان بە ناوی وەڵامەوە بفرۆشیتەوە!



ستایش بۆ بیری نوێ

لە کوشتنی زاناکان و لە خاچدانی مرۆڤەکانەوە

هاتینە سەر بزمارکووتین لە جەستەی کتێب و پەروەردە

لە هاوارەوە گەیشتین بە کوشتنی بێ خوێن!



هەست بە درەوشانەوەی خۆی ناکا

تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دەوروبەرەکەی دەکوژێنێتەوە

خەڵکەکەی دوو بەشن:

ئەوانەی لەبەردەرگای ئەودا خەوتوون


ئەوانەی لە چاوەڕوانیی ژیاندا مردوون!



هەموو ئاڵۆزییەکانمان بە ڕوونی دۆزییەوە:

هەموو نادیارەکانمان

لە جەستەی دیاری تۆدا ون کردووە!



لەم سروشتە جوانەی ئێمەدا

تاکە دار، کە نەک مێژوو

کە نەک ئەدەب

پایزییش دەرەقەتی نەیەت: براکوژییە!



ئەوانەی ئێسقانیان ورد کرا

ئێستا لە شێوەی پێستی مامزێک

بەســـەر دیـــواری دیواخانەکـــان

هەڵواسراون

ئەوانەی پێستیان ئوتوو کرا

ئێستا ئیسقانیان وەک دینگەی مۆڵەکان

دانراون!



جاران باوەڕمان هەبوو شوێنێک لە دنیا بگرین.

ئێستا

سکمان بەسەرمان دەسووتێ

لەو گایە دەچێ

سەر بکێشێ بە دەرگایەکی ئاسندا!



ئەودیوی فەرهەنگت پەستمان دەکا

بۆ نموونە: خەڵکی خۆڕاگر

ئەمە هی جەستەیەکی بێ سەرە و

بۆینباخی بەستووە!



له ژیان ڕاهاتووین

خەمی ئەوەمانە بمرین

لێرە گۆڕستانیش دیواری هەیە!



قاچی لە شوێن گیر بووە

چاوەکانی لە زەمەن.

بێشوومار مردنی دیت

لە پێخەفی یەک تەمەن.



ئەم پشتە

بەرگەی چەند زاڵم بگرێ؟!

لە چاڵی گەروودا چەند گۆرانی بنێژین؟!

بۆچی تەنها مردن ماوە؟!

لە جەستەی شوێنێدا تەنها قەبر و زیندان باوە؟!

پێمان بڵێ:

لە پۆشاکی زەمەندا چەند پینە ڕێگەپێدراوە؟!



باشە..

شیعر کانیاوێکی پاکە

سیاسەت جلێکی چڵکنە

تەنیا بەم هاوکێشەیە با تەنافی مانا هەڵخەین:

شاعیرەکان لەوەتەی هەن

بۆ بەتاڵکردنەوەی سیحری ژێردەستەیی

وەک منداڵی ناو چیرۆکەکان

بۆقەکانی سیاسەت ماچ دەکەن

کەچی کەسیان نەبوون بە شازادە!



ڕۆژانە خوێن لە پێیان دەچۆڕا و دەیاننالآند

بە هەموو خزمەتکارەکان پارەمان کۆ کردەوە و

لە پیکابێکی کۆلآندا

بە دزیی دایکی نیشتمانەوە

یەکەو جووتێک کالەی لاستیکی مەرادۆنامان بۆ شێتەکانی حەوشە کڕی

دەرچوو شێتەکانیش ناتوانن بەسەر ئەو هەموو دڵە شکاوەدا

بە پێخواسی بسووڕێنەوە!



بەڵێ


بە خەڵکی بێ ناوک دەور دراویت

گەڕانت بە شوێن دڵسۆزیدا

لە گەڕانی ئەو ژنە دەچێ

دوایین ناوکە گوڵەبەڕۆژەی

لێ کەوتبێتە ناو گردی توێکڵەکانەوە.





ئای دایە...

دایکی من و ئەو وەتەنەی پلەی گەرمای دەگاتە پەنجا و
قسوور

هەرچەندە موسنا و سولاس و ڕوباع و توساع ژنم ناسیوە

بەڵام کەسیان خۆشی نەویستووم!

ژنێک، ترسەکانمی لە پەنادا بشارمەوە و
جوانییەکی ڕوون بداتە دنیای ئاڵۆزم!
بمکاتەوە ناوێکی سادە
بە چاو تام بکرێت و
تامێکی ئاشکراش بێ بۆ میوەیەکی شاراوە
نەخێر... لە ژیانمدا ژنێک خۆشی نەویستم!
شەوان وردە غەزەل و خۆشیی درشتم دەخستە باوەشیانەوە
کەچی ئەوان بە ناوی یارییەوە ماچیان بە پارە دەدامێ!
لێوگەستن و ئاخ و ئۆفیان پەیوەست بوو بە ژمارەی لیرەکانەوە!
چاوقاییمانە دەیانگوت:
لیرەی زیاتر بدە و نقفەی زیاتر ببیستە!
میدالیاکانت فڕێدە چونکە لە سینگم دەچەقن!
گۆزی فتقەکەت لێکەوە
بۆنی ئیسفنجێک دەدا تەپڵەکی جگەرەی سڕیبێتەوە!
بە بێزاریی بێوەژنێک

لە گۆڕستاندا بە شوێن قەبرێکدا بگەڕێ
لە شمشێری پیاوەتیم دەگەڕان!
بەیانیانیش لە جێگەکەمدا دەستم بۆ دەگێڕان و
لە پاڵمدا نەمابوون!
گیرفانەکانیان پشکنیبووم
مووررووی سەوڵەجانەکەمیان بردبوو
یان چوارچێوەی ئاڵتوونیی چاویلکەکەمیان دەدزی
یان بە ددان
ئەستێرەی ئەڵماسی سەر شانی پاڵتۆ سەربازییەکەمیان قرتاندبوو!
لەبری نامەی دڵداری
لە جیاتیی لە دڵەوە بۆ گوڵ
عەریزەی عەرزەوەرگرتنیان بۆ دەناردم!
لە دواییشدا
لە دانیشتنی بەردەرگا و جلشۆرین و چنینەوەی لیفکەدا
بە تەنزەوە دەیانگوت: زۆری دانا و کەمی بردا!

هەتا ئەو مەدرەسەی کچانی تەنیشت کۆشکە غەمبارەکەشم
دەرچوو مەدرەسە نەبوو
سەربۆیاخکراوەکانی حاشییەم کچەکانیان هێنابوو
گۆرەوی سپی و کورت بە قردێلەیان لە پێ کردبوون
بە تەوقە کەزیی دەستکردیان بەستابووا
منیش... ئای دایەا
بە حەربەکەم کونێکم لە تەلبەندی مەدرەسەکە کردبوو
دەمەوعەسران لەسەر ئاگر
چاوەڕێی ئەو کۆترە کچانەم دەکرد
بە پسکوویتی قونسوڵی تورکی و
بەو لەتە کەبابە ساردانەی لە پاسەوانەکانم شاردبۆوە
ڕاوم دەکردن
دەلاقە بوون لە گۆڕی تەنهاییم
قسەیان
مووتووربەکردنی ڕەعشە بوو
بە درەختی جەستەمەوە

به نیگایان

ئاوی وەستاوی گۆمی گۆشەگیریم دەبووە هەڵم

فتقەکەم لە فیکە دەکەوت

وەک ئەوەی گونکە هەویر بێ

دەیانخستە ناولەپی بە ئارەق تەڕیان و

بە میهرەبانی دەیانلاواندەوە:

بنوو، بچکۆڵەکەم بنوو

دەزووبوون بۆ بەستنەوەی برینم بە سروشتەوە

درزێک بوون

لێیەوە باران بە گونیەی وشکی دەسەڵاتم دەکەوت

کە بەسەر باینجانی پیری ڕۆژەکانمدا دادرابوو

تا ڕۆژێک... ئای دایە!


دایکی من و ئەو خەراباتەی پلەی گەرمای دەگاتە پەنجا و
قسوور

تا ڕۆژێک بە ڕێکەوت لە کچێکیانم پرسی:

پۆلی چەندی؟

گوتی: پۆلی چی بەڕێزا
من ناخوێنم
دەستی برد و کەزییە دەسکردەکەی لێ کردەوە
سەدرییەی لەسەر سکە پڕەکەی لابرد
پێی گوترابوو: مەترسە، خەڵەفاوە و هیچی پێ نەماوە و
تەنیا لەتە پسکویت بە گێلاسی لێوت و
بە قۆخی تەڕ و توکنت دادێنێ و تامی دەکا...!
ئای دایە!
دایکی من و ئەو قیامەتەی پلەی گەرمای دەگاتە حەفتا و
قسوور
سکم بە خۆم سووتا
کاتێ گوتی:
پێم سەیرە تۆ پسکوویت بە ژێرەوەمان دادێنیت
لە کاتێکدا لە سەرەوە نان نییە بیخۆین!





ئای لە باشیی ژنەکان!

مرۆڤ دروست دەکەن

چێشت و دروومان و چاکردنەوەی دڵ

دەزانن...

ئێمەی نێرینەش چیمان

کرد؟!

قامچیمان بە پشت ناساند و

هەندێ کولتوورمان لەناو برد و

ئەمریکاشمان دۆزییەوە...!

ئێمە قەرزاری ئەو ژنە بەستەزمانانەین

لەو کاتانەی بۆ بژێوییان ناچار کرابوون

لە حەمامدا مەساج و نۆرۆ مەساج بۆ زەعیم بکەن

ئەو پێستە لەمێژینەیە پاک بکەنەوە

کە تۆزی کاتی زووحاک و

خۆڵبارینی ئەو زەمانی هەمەدانی گرتبوو!

فەقیرانە بۆ مافەکانی ئێمە لێی دەپاڕانەوە

وەکوو قۆپییە لەسەر ڕان و دیوی ناوەوەی مەچەکیان

داواکاریی ئێمەیان دەنووسییەوە

لیفکەیان بە ڕانی دادەهێنا و

بە دەنگێکی ناسک کە بەهرەی دەویست تەمسیلکردن بشارنەوە، دەیانگوت:

گەورەم هیچ نا، هەر پارەی خەستەخانەی شێرپەنجەی منداڵەکان بگەڕێنەوە.

پێی زەعیمیان دەخستە سەر سینگیان و بە زەیتی بادەمی شیرین و ڕووەکی جۆجۆبا پەنجەکانیان دەشێلا و دەیانگوت:

باشه باش، بەس تۆ تەنها فەرمان بکە دوو سەعاتێک ئاوی گەڕەکەکان بەردەنەوە.

بە ڕۆنی تۆوی ڕووەکی مۆرینگا کە لە چیای هیمالایا هەیە و وەک بەشێکێ لە شیرینیی نەوت بۆی دەهات، فیکەی فتقەکەیان ئارام دەکردەوە و زمانیان لە گوێچکەی دەدا و دەیانچرپاند:

حەبیبی، تەنها سەد لیتر نەوت بۆ قوتابخانەکان بنێرە.

کەپووە گرنجگرنجەکەیان دەخستە کەفی گوڵە لۆتسی نیوان مەمکییانەوە و دەپاڕانەوە:

ڕووفاتی ئەو منداڵە ئەنفالکراوە بێنەوە، لە برساندا بە ناوی خەیارەوە گازی لە نەعلە کەسکەکەی دایکی گرتبووا

لە پشتەوە قاچیان لە کەمەری زەعیم گرێ دەدا و دەیانگوت:

نایکەینەوە هەتا ڕازی نەبیت لەپێش فەرمانگەکاندا کەپرێک بۆ سەرەی مووچەوەرگرتنی خانەنشینان دروست نەکەیت...!

کاتێکیش وەکوو نۆکی کورەک، لەناو لۆوشنی بڕۆکلی و زەیتی کونجی و ئارەقە و خۆشاوی گۆشتاوی جەستەی ژنەکاندا دەخوسا و نەشووەی دەهات، فرسەتیان لێ دەهێنا و چەپۆلکێکیان لە سمتی دەدا و دەیانگوت:

ئەمەش وەک سـزایەک کە هەفـتەی ڕابـردوو بـاج و خەراجت زیاد کردا



چیرۆک بووین بێ ئاگردان

سروودێک بووین لە دەرەوەی مێژوو

لە ناوەوەی گریان

مردنێـــک بـــووین لەژێـــر ڕەشـــماڵی پرســـەکاندا بە نـــاو لاواندنەوەدا غلۆر دەبووینەوە

تۆڕێک بووین هەڵیانداینە ناو ئاوی زمان و

بێجگە لە تەنەکەی ژەنگاویی چەند ئیمارەتێک

هیچمان نەگرت

کەشتییەک بووین کەسمان بار نەکرد و هەر زاڵمەی هات و پارچەیەکی لێ کردینەوە.




هەریەکەمـــان چیرۆکێکـــی وەکـــوو کـــۆرپە لە باوەشـــدا هەڵگرتـــووە و لە شـــێوەی بزمـــارێکی کـــوورِ بە دیـــواری یادەوەرییەکەوە داکوتراوە:

هەمانە جانتای شانی بە قەد سندوقی کەمانچەیەک بچووکە و پڕی کـردووە لە دوعـا و سـەردوولکە و لاوانـدنەوەکانی دایکـی و لە غەریبیـدا ڕۆڵەکەی پـێچەوانە کـردۆتەوە، ئەو نووزانەوە بۆ ئەو پیرێژنە دەکات کە پشتی دەشوات...

هەمـانە، وەکـوو کـۆڵبەر بە دزیـیەوە مۆسـیقا و گـۆرانی دزراومان لە سنوورەکان بۆ دەهێنێتەوە، کەچی خۆی وەک قاچاخچییەک تەقەی لێ دەکرێ...

هەمانە خەونێکی گچکەی لێ بۆتە مەحاڵ و سەری لە جەستەی دابڕاوە و کەوتۆتە بەر پێیەکانی، بۆتە نیشانەی پرسیاری کۆتایی ئەم ڕستەیە!



چ هەتاوێـک بـاوەڕ بەو مۆمـانە دەکـا کە


دەسووتێن؟!

چ دەریایەک باوەڕ بەو ماسییانە دەکا کە

دەگرییێن؟!

ئای زەعیم! چۆن ڕاست بڕۆین.!

لە وڵاتێک خۆی دەشەلێ؟!



ڕۆژێــــک بە نـــاوی کنگـــر و تــۆرکە و ڕێواســـەوە، لە تەپۆلکەکانی دەوری کۆشک نزیک بووینەوە، لە ڕێگادا خڕەبەرد و کەستەک و پارچە دارمان کۆ کردەوە، کەس نەیدەزانی بە تەمای گردبوونەوە و خۆپیشاندانین.

بــۆ ئەوەی پاســەوانەکانی خــاڵی چــاودێریی کۆشــک نەمانبینن، سەرەتا ئاگرێکی گەورەمان کردەوە.

گەنجەکــان بڕوانامەکانیــان، منــداڵەکان چــپس و ئینــدۆمییە بەسەرچووەکانیان، کچەکـان کۆتـا نـامەی دۆستەکانیان کە تیایدا هۆکاری دوورکەوتنەوەیان لە پرۆسەی هاوسەرگیری ڕوون کرابــووەوە، خانەنشــینەکان فــایلی خزمەتەکانیــان،

دوکاندارەکان وەسڵەکانی باج، پیرەژنەکان وێنەی کەسوکارە شوێنبزرەکانیان...

هەمووممان لەسەریەک دانا و یەکدوو دۆلکە فرمێسکمان بەسەردا کرد و دووکەڵ ئاسمانی کۆشکی تەنیبوو، هەندێ نامەی ناڕەزاییمان کردە فڕۆکەی کاغەز و وەکوو درۆن ناردمانە حەوشەی کۆشکەوە...

بۆ سەرقاڵکردنی ئەو پاسەوانانەی هێشتا بەئاگا بوون هەندێ دوعا و قسەی پێکەنیناویمان تێ گرتن.

لەسەر پێستی ئەو ئاژەڵانەی سەربۆیاخکراوەکانی زەعیم بە نایاسایی ڕاویان دەکردن، لافیتەی داواکارییەکانمان نووسیبوو، تیایدا باسی گرتنەوەی ئاو و بەردانەوەی فرمێسکمان کردبووا

تیایدا ئاماژەمان بە گۆڕینەوەی نادادپەروەرانەی هەنار و پێلەقە، هەنجیر و قامچی، جۆ و مۆرهەڵگەرانی پێست کردبووا

هەندێ زانیاریمان لە خوێندەوارەکان وەرگرتبوو

هەندێ درووشممان لە کتێبەکان هێنابوو

قسە خوازراوەکانمان لەسەر دیواری کۆشک دەنووسی:

- ئەوەی ڕاستی بڵێ، لە زیندان نزیکە
- ئەوەی نەفام بێت، لە دەسەڵات نزیکە

- ئەوەی هیچ بێت، لە ناوبانگ نزیکە

کە تەقەیان لێ کردین، سەرەتا وامان زانی تەقینەوەی بەرمیلە بارووتی ناخمانە...

تەقەیان لێ دەکردین و ئێمەش ختووکەمان دەهات

خوێنمان لێ دەچۆڕا و ئازارمان نەبوو

وەکوو دەروێشەکانی زەمانی زوو، پەنجەمان بە تف دەکرد و بە برینمان دادەهێنا و چاک دەبۆوە.

بنجەگیایەکمان لەسەر کونی شوێن فیشەک دادەنا و پڕ دەبۆوە.

تەنانەت بڕوامان کرد کاتێ ڕۆژی دواتر لە ڕۆژنامەکانی زەعیمدا بڵاو کرایەوە، کە پیکابێکی تەماتە لەبەردەم کۆشکدا وەرگەڕاوە و هاووڵاتییان هەر بۆ خۆشی شەڕە تەماتەیان کردووە.

ئای زەعیم! وەک چۆن ژیانت بۆتە نوکتە

هێندە بەستەزمانیت

تەنانەت شەرەفی خۆپیشاندانێکی ڕاستەقینەشت پێ نەبڕا!



زەعیم دەیەوێت سادە بژی

لەبەر چاوی کامێراکان

بەری نەشۆراوەی باخچەکان دەخوات و

وەک پسپۆرێکی کشتوکاڵی بە پێکەنینەوە دەڵێت:

پەینی کەمە و

پاشەڕۆی بیست و شەش گوێدرێژی نەخەساوی بۆ تەرخان کەن.

بۆ ئەوەی لە میللەت نزیک بێ

چوارلای لاندگرۆزەرەکەی نارنجی کردووە

گوایە تەکسییە و

بە نهێنی بە شوێن گرفتەکانی خەڵکدا دەگەڕێ

ئێستاش تێنەگەیشتین

ئەو حەزی سادە ژیانەی

لەو مەحروومییەی لە نەبوونی ئیشێک هاتبوو

یان لە نەبوونی باوک!

چونکە بەپێی میتۆدی مێژوویی، زۆربەی زەعیمەکان پەروەردەی دایکیانن و باوک لە ژیانیان بزرە!

زۆر جار بەو تەمەنە بەرەبەیانان دەهاتە بازاڕ و لەگەڵ کرێکارەکاندا تەشریبی بێ گۆشت و نۆکاوی بی چەوریی دەخوارد...

دەچووە ئەو دوکانە لاکۆڵانانەی منداڵەکان تیایدا پلەیستێشن و گەنجەکان ئەزنیف و ئۆکەی دەکەن...

دەیبینی چۆن ئەو گەنجانە هەردوو برگەی وشەی دوارۆژیان لە کاغەزی بڕوانامەکانیان پێچاوە و وەکوو دوو

پـارچە ڕەژووو لەسـەر نێرگەلەیـان دانـاوە و بـۆنی بنێشـت و نەعنای مەراق ڕۆژەڕێیەک دەڕوا...

خۆی لە شێوەی ئەو کەسانە دەگۆڕی، کە بە گەڕەکەکاندا دەگەڕێن و بە ناوی باخچەچاککردنەوە و چەقۆتیژکردنەوە و کڕینی موبەڕیدەی شکاو لە دەرگای ماڵەکان دەدەن

جـار هەبـوو خـۆی لەنـاو گـریس و ڕۆنـی مەکینـەی دروومانێک دەنا، کە ژنێک دەیگوت:

مەکینەکەم دەزوو دەپسێنێ!

هەرچەندمان هەقدەست بدایە خوا هەڵناگرێ گلەیی نەبوو، دڵی بەو گفتوگۆ زبرانە دەکرایەوە، کە ژنەکان لە بەردەرگا لۆمەی مێردەکانیان دەکرد...

وای دەزانـی ئیتـر بۆتەوە بەشـەر، بەبێ ئەوەی بزانیـت هیـزە ئەمنییەکانی لە سەربانەکانەوە چاودێری دەکەن.

چاوی هێنـدە نەیدەبینی تێبینیی ئەو لێزەرە سوورە بکـات کە قەنناسەکان لەسەر نێوچەوانی ئێمەیان دانابوو.

لای سـینەماکان، لەسـەر مێـزە بچووکەکـانی بەردەم

یانەسیبفرۆشەکان دەنووشتایەوە و یەکدوو بلیتی یانەسیبی دەکڕی

ئێمەش هەریەکەمان بلیتێکی یانەسیبمان لە گیرفان بوو

نەک بۆ بردنەوە

بەڵکوو وەک وەهمی خراپتر نەبوون...

بە درێژایی سی ساڵ هیچمان نەبردەوە!

نەک ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەسەر یانەسیبەکاندا هەبوون

نەک ئەو مەبلەغە زەبەلاحانەی سفرەکانیمان بۆ نەدەژمێردرا

نا...! تەنانت خەڵاتێک

ئووتوویەکی هەڵم

دەستەیەک پیاڵە

سێتێک کەوچکی زەلاتە...

وێڕای نەگبەتیی خۆمان

زیاتر سکمان بە ئەو دەسووتا!

نینۆکەکانی دەگەست و

سەری مانگان لەسەر ئاگر چاوەڕێی دەرچوونی ژمارەکانی

دەکرد

لە ترسی ئەو لێزەرەی سەر کەپوومان

نەدەوێراین بڵێین:


گەورەم سامانی عەرد و ئاسمانت بردووە و

چاوت بڕیوەتە ئەو تاقمە ژێرپیاڵەیەی ئێمەش؟!

دواتر زانیمان سەربۆیاخکراوەکان

ئەو تۆپانەی وەک تۆپی بلیاردن و ژمارەکانیان لەسەرە، بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک لە فریزەری سەلاجەکاندا دادەنێن تا دەیبەستێ و لە ڕۆژی ئاشکراکردنی براوەکاندا، کچە مۆدێلەکانیان دەهێنا و دەیانگوت:

دەست بخەنە ناو شووشەکەوە و تۆپە ساردەکان دەربێنن!



هەر کەســــە و

کـــــــۆیلەی

ئاراستەی خۆیەتی:

ئەو، کۆیلەی ئەو بیرۆکەیە بوو کە ئێمە بە کۆیلە بمێنینەوە

ئـێمەش کـۆیلەی ئەو ئـازادییە بـووین کە ڕۆژی دوای نەمانی ئەو چیمان بەسەر دێ؟!

ئاراستەی هەمووان دیار بوو تەنها هی ئەو نەبێ

وەک دەڵـێن: مووسـا دەسـتی بـۆ ئاسـمان بـرد و گوتی ڕاستیی لێرەیە

مـارکس دەسـتی بـۆ گیرفـان بـرد و گـوتی ڕاستیی ئێرەیە

فرۆیـد دەسـتی بـۆ نـاوگەڵ بـرد و گوتی تێگەیشتن لێرەیە

زەعیم بەردەوام پەنجەی لەناو لووتی بوو

لەوەوە تێگەیشـتین بـۆچی کەسـمان بە ئیشـتیهاوە لەسـەر سفرەی نیشتمان دانانیشین!



ئێمە و مانگاکانی کۆشک سکمان بە یەکتر دەسووتا:

بەزەیی مانگاکان بۆ ئێمە ئەوە بوو

چەند بێ وەڵامین

بەزەیی ئێمە بۆ مانگاکان ئەوە بوو

چەند بێ پرسیارن!



زەعیم بێ ئەوەی نووسەر بێ

دەمانخوێندەوە

زەعیم بێ ئەوەی خوێنەر بێ

دەماننووسییەوە

ئاڵۆزییەک بوو لەوپەڕی ڕوونی

ڕوونییەک بوو لەوپەڕی ئاڵۆزی

قامیشێک بوو نەبووە قەڵەم...

نەبووە شمشاڵ...

بووە ڕم و بەر سینگی سوارچاکەکان کەوت.



وێنەکانی

وشەکانی

قسەکانی

ماناکانی

ڕۆژەکانی

بوورجەکانی

کۆشکەکانی...

پارچەی گومانن و بەسەر شۆستەکاندا ڕژاون...

چوونەتە ناو پیاسەی خەڵک و

شەربەتی مێووژ و

پاقلەی کوڵاو و

زەرفی چەرەزات و چای خەڵووز.

چوونەتە ناو نووزانەوەی نزمی

منداڵە کلێنسفرۆشەکانی سەرجادە.

ناوی

کۆمەڵە حەرفێکی دەرەوەی ئەلفوبێن و

نوقمی مەرەکەبی خەمە نەنووسراوەکانە.

ئەو ئاڵایانەی لە باڵەخانەکانیدا دەشەکێنەوە

دەسرۆکەی خواحافیزین

دەسەسڕی فرمێسکن

دەسرۆکەی خواحافیزین

لەو تەیرانەی ژێرباڵیان پڕە لە متمانە.

دەسەسڕی سڕینەوەی فرمێسکی ئەو منداڵانەیە

بە ڕۆژ

عەبای دایکیان ڕادەکێشن بۆ کڕینی قەڵەمی ڕەنگ

شەویش

بەدیار فانۆسەوە سەعی لە نەخشەی نیشتمان دەکەن!



که دایکی له سەرەمەرگدابوو، تاکە شتی گەرم لە کۆشکە ساردەکەی، تەنها شۆربای ناو سەفەرتاسە پێنجقاتییەکەی بوو کە ئێواران بە خۆی دروستی دەکرد...

دەمانبینی...

ئـێمەی خزمەتکارەکـان دەمـانبینی بە هەنگـاوی قـوڕس پێیەکـانی بە دوای خۆیـدا ڕادەکێشـا و لە چاڵەکـانی لـووتە گرنجگـرنجەکەی فرمێسـکی شـەوی پێشـوو هێشـتا قەتـیس مابوو...

تاقەتی توانج و سڵاو و ژماردنی هێلکەکان و بڕینی هەقی ئەو قاپوپەرداخانەیشی لە مووچەکەمان نەمابوو کە لە کاتی شوشتندا لەدەستمان دەشکان!

مانگا و بزنەکان بە ئارەزووی خۆیان لە کۆشکدا پەردە و لیستی مووچەخۆران و داواکاریی ئەنجوومەنی گوندەکان و ڕاپۆرتی ماستەرپلانی شارەکانیان دەجووی.

ئێمە کە زۆربەمان لە قۆناخێکدا لە گوند ژیابووین، قەت نەمانـدیبوو بەو خێـراییە مانگـا بتـوانێ بەسـەر قانـدرمەی مەڕمەڕدا بێتە خوارەوە! تەنانەت شێتەکانی حەوشەش کەس لێیانی نەپرسییەوە، کاتێک بە دەوری پەیکەرەکەی زەعیمدا بە چەپڵەڕێـزان دەسـووڕانەوە و بەسـتەکەی ڕەسـووڵ گەردییان دەگوتەوە:

"بردی بردی با بردی!"

دەچووە ژوورەکەی دایکی:

گەڵای نەعنای لە ئاودا دەکوڵاند تا بە هەڵمەکەی هەوای ژوورەکە پاک بێتەوە

چەرچەفێکی سپی دەهێنا و لەسەر دۆشەکەکەی ڕادەخست

دایکی بە باوەش دەگواستەوە و دایدەنیشاند

وەک کوڵەگەی جەستە بێهێزەکەی دوو بالیفی ڕەقی پڕ پارەی لە کانتۆری نوێنەکان دەهێنا، کە وێنەی ئەسپی باڵدار و بوراقاکانی لەسەر نەخشێنرابوو...

یەکەیەکە مەنجەڵی سەفەرتاسەکانی جودا دەکردەوە و سەری دایکی لە باوەش دەگرت و کەوچکێک شۆربای گەنم بە کەشکی لە دەم دەنا و دەیگوت: هەرچی لەم وڵاتە لە دەست دەچێ با بچێت دایە، بەس تۆ بمێنەوە:

- ئەو ڕۆژەی سەفەوییانەکان و عوسمانییەکان هاتن و وەکوو کێک ڕووباری سیروان و ئاوی ئاسکی کەڵەکییان پارچەپارچە کرد و هەر پارچەی ژمارەیەکیان لێ دا و بە

کرێتـی گەورە گەورە لە لـۆری باریـان کـرد و بردیـان لە پایتەختەکـانی خۆیـان لە تەنیشـت یەکیـان دانێـنەوە، هێشـتا وەکوو خەمی لەدەستدانی تۆ ئەزیەتی نەدام.

- بۆ ئازاری میزڵدان، یەکدوو دڵۆپ ئاوی ڕازیانەی لە دەمی دایکی دەکرد و قسەکەی تەواو دەکرد: بریا تەنها ئاوەکانیان بردبا، نەخێر... لەگەڵیدا شنەبای سبەینانی پایزان و هەڵمی شێی هاوینان و هەڵپەڕکێی بەهاران و قیژە و قاقای منداڵانی ناو بەلەمەکـان و دووکەڵی برژانـدنی گۆشـتەکان و سـەرەخەوی دوای دۆڵمەخـواردنی پاشـنیوەڕۆی ژێـر کەپرەکانیشـیان بـرد. ئێسکوپرووسـکی خنکاوەکانمانیـان بـرد دایە... بەیەکەوە قووتـووی ژەنگـاوی سێڤن ئەپ و هەنـیکن و ئەنگوسـتیلە و پـارچە ئێسـقان و پـارچە شـەروال دەچوونە دەمی حەفارەکانەوە...

- چەنـد نـاخۆش بـوو ئەو کاتـانەی خەڵکـم دەبینـی لە سیروانی بێ ئاودا هاواریان تێکەڵ بە قیڕەی بۆقەکانی سەر بەردە بە قەوزە داپۆشـــراوەکان دەبـــوو، وردە قـــرژاڵ چرنووکیـان لە دەمـی شـۆفەڵ و کرێنەکـان دەگـرت، کە دایکیـان لەنـاو تۆڕەکانـدا گیریـان خواردبـوو، مەوکیبـی

ئۆتۆمبێلەکانیشم خۆڵ و تۆزی دنیای ئەو ڕێگا پڕ کەندوکۆسپەیان بەسەر قەشقۆڵێدا دەباراند، ئەو ماسییە بچووکانەی لە تۆڕی داگیرکەراندا بەر دەبوونەوە وەکوو تۆ لە گیانەڵادابوون دایە! دەمیان وەک ساوایەک دەنوقاند و کەس نەیدەزانی ئایا ماچ بۆ خزمەکانیان دەنێرن لەناو لۆرییەکان، یان تف لە من دەکەن؟!

- کەوچکێک شۆربای هێلکەبەترشی لە دەمی دایکی دەنا و دەیگوت: بە دەست من نەبوو دایە، وەکوو هاوڕێی پەنەمیم عومەر تۆریخۆس دەڵێت، یەکەم ئەرکی دەسەڵاتدار ئەوەیە، دەسەڵاتەکەی بپارێزێ، وەک بۆیان خوێندوومەتەوە، دەسەڵات وەک خۆشەویستی وایە، غیرەی تێدایە، وەک چۆن عاشق بەرگەی لەدەستدانی دۆستەکەی ناگرێت، ئاواش دەسەڵاتدار بەرگەی لەدەستدانی کورسی ناگریت! دەسەڵات و خۆشەویستی هەمان گەشتن، هەمان چارەنووسیش. یەک کەسن، زەعیمێکی بێ کورسی و عاشقێکی دۆڕاو یەک کەسن.

- بۆ هەوکردنی گەدە، یەکدوو دڵۆپ ئاوی جاترەی لە دەمی دایکی دەکرد و دەیگێڕایەوە: بۆیان

خوێندوومەتەوە، چارەنووسی هەڤاڵەکانمیان بۆ باس کردووم: ئەو سەر بڕیاخکراوانەم تێیانگەیاندم، گەر میللەت سەرقاڵ نەبێ، وەک چاویسکۆ هەردووکمانیان گوللەباران دەکرد، وەک مۆسۆلینی هەردووکمانیان تفباران دەکرد، وەک هاوڕێ ستالین، مۆلۆتۆف و خرۆتشۆف و بێریاکانی ئێرە ژەهرخواردیان دەکردین، وەک زەینلعابدین دەبووایە لە جدەی سعوودیە تۆ دیشداشە بپۆشی و منیش بە درۆ تۆبە بکەم، وەکوو کوڕی سەبحەی هاوڕێکەی منداڵیم لە چاڵێکدا دەریاندەهێنام.

- بۆ ئارامکردنەوە، یەکدوو دڵۆپ ئاوی گوڵبەیبوونی لە دەمی دایکی دەکرد و دەیگوت: ئەم وڵاتە لە سەرەوە زۆر جوانە دایە، ئەو کاتانەی لەسەر مینبەر گوتارم دەدا، ئەو ڕەشوڕووتانەی خوارەوە کە بە نان و سک بە پاسی سوخرە هاتبوون، دەمبینی وەکوو هێشووە ترێ لەبەر هەتاو ڕەش هەڵگەڕاون، دەمزانی ئەم وڵاتە تەنها لە سەرەوە جوانە، لە خوارەوە فەقیرانە قوم قومە جگەرەیان دەدا یەکتر، دەمبینی بە کەوگیری گوێیان نوکتە تێ دەکەن و دەیخەنە ناو قاپی گاڵتەوە و بە دزییەوە پێدەکەنن.

- کەوچکێک شۆرباى پیرخەنی بۆ دەمی برد و دەمی کردەوە؛ بەڵام بۆ شۆربا نا، بۆ هەڵکێشانی دوایین ئاخ کە زۆر لەو ئاخانەی دەچوو کە ئەندام پەرلەمانەکان قیستی مانگانەی مراوییە ڕەنگراوەکانیان تاخیر دەکرد...

دایکی خۆی و نیشتمان مرد، هێندە تاسا نەیدەتوانی بگرییێ، زیاتر تاسا کە دایکی بە باوەش لەسەر دۆشەکەکە هەڵگرت و لەسەر چرپاکەی دانایەوە. ڕەسمێکی تەواوی دایکی لەسەر چەرچەفەکە نەخشێنرابوو، بە لەحزەیەک هەموو ئەو دەردەدڵ و بەئاگاهاتنەوە دەگمەنەی ویژدانی لە بیر کرد و هاواری کرد:

ئەوە موعجیزەیە...! کوا شێخەکان؟! کوا مەلاکان؟! کوا نووسەران و زاناکان؟! با بێن ئەو موعجیزەیە ببینن!

فەرمانی کرد جەنازەی دایکی بە هەموو گوند و قەزا و شارەکاندا بگێڕن، تەرمەکەیان خستە دواوەی بەهبەهانێک و چەرچەفە وێنەدارەکەیان لە پێشی ئۆتۆمبێلەکە هەڵواسی، تاوەکوو هەموو خەڵک، گەورەیی دایکم و ڕەچەڵەکی پیرۆزیی من بناسن...!

ڕاستیشی دەکرد، ئێمە بە چاوی خۆمان تەرمەکەمان بینی:

گوناح بوو پێی بڵێی تەرم!

هێندە جوان و گەشاوە بوو زۆر جوانتر لەو ساڵانەی بە ماکسی بە بۆیاخەوە دەمانبینی مامەڵەی فرۆشتنی مریشکی ڕەنگکراوی لەگەڵ وەزیری دارایی دەکرد...

هەمان خەندەی ئەو کاتانەی لەسەر لێو بوو کە دەیبینی قازە مل نارنجییەکانی لە ڕاڕەوەکانی کۆشکدا ڕاوی شاندە دبلۆماسییەکان دەنێن.

چاوێکی کراوەی ئاودار و ڕوومەتێکی پەمەیی و هەردوو دەستە خرپنەکەی لەسەر سینگی دانابوو.

یەکێکمان کە بەرگەی قۆنداخە تفەنگەکانی پاسەوانەکانی بەهبەهانەکەی گرتبوو، سوێندی خوارد کە موعجیزەیە، چونکە خۆی گەیاندبووە ئەو خانمە موبارەکە و تا پارچە قوماشێکی وەک موتفەڕک دەست کەوێ، بەڵام سەیر بوو کە کێشی نەبوو، ئەو تەرمە بە قسەی ئەو، بە قەد سندوقێکی پلاستیکی بەتاڵی میوە، کیشی نەبوو!

بەڵێ موعجیزە بوو! پەککەوتەکان لەسەر عارەبانەکانیان قیت دەبوونەوە و هەڵدەپەڕین.

نابیناکـان بینایـیان بـۆ دەگەڕایەوە و دەعـامیی بەهبەهانیـان ماچ دەکرد.

بە قەد تەپۆلکەیەک، داری ژێربالّی ئیفلیجەکان و عەسای پیرەمێردەکـان هەڵـدرابۆوە،کە دوای بـۆنکردنی چەرچەفـی پێش بەهبەهان چاک ببوونەوە.

ژنـی نەزۆکـی سـکپڕمان دەبینـی کە دایکـت دەسـتی بە پشتیان داهێنابوو.

تەمـاتەیەکی گەورەیـان بە لـۆری هێنـا و گوتیـان دایکـت تـۆوەکەی بە دیـاری لە بێسـتانی پشـت کۆشـکەوە داوەتە خێزانی جووتیارێکی نموونەیی کەندێناوە.

کاتێک کەژاوەی پیرۆز بە بازاڕدا تێ دەپەڕی

نافوورەکـان ئاویـان سـوێر و لێـڵ دەبـوو وەک ئەوەی فرمێسک بن.

کتێبـی کوشـکە کتێبفرۆشـەکان لەخۆیـانەوە ناونیشـانە خۆشەکانیان دەسڕایەوە.

ئەو ئەسپانەی لە تابلۆکانی بازاڕی عەسری ڕایان دەکرد، دەوەستان.

بەڵێ زەعیم!

لە چێشتخانەکاندا سیسرکی پەمەییمان بینی!

گەورەم... لەسەر عەرەبانەی سەوزەفرۆشەکاندا پیازی چوارگۆشەمان بینی!

ساز و عوودی هەڵواسراوی ناو دوکانەکان لە خۆڕا دەژەنران!

لەسەر جەستەی لاوازی ئەو ساوایانەی لەتەنیشت ژنە سواڵکەرەکان بە مای غەریبە خەوێندرابوون، وەک فریشتە مێشی سپی دەسووڕانەوە...

نەخشی سەر بەڕەکان دەبوونە هەمان ئەو وێنەیەی دایکت لەسەر چەرچەفەکە.

پڵنگ لەناو بەتانیی منداڵەکان وەک ئەوەی ڕێوی بن، ڕایان دەکرد و پڕ دەبوو لەو وێنەیەی ئەو مریشکانەی خانمی پیرۆز دوو پەڕی ڕەنگاوڕەنگی لە کلک دەنان و بە ناوی تاوس بە سەرۆکی زانکۆکانی دەفرۆشتەوە.

بەڵێ سەرۆک!

دوای یەک مانـگ لە گەڕانـدنی تەرمەکەی، هەر گەنـج و گەنجتر دەبووەوە!

گەرمای خانەقین و دووکەڵی بیرە نەوتەکانی شیواشۆک و ڕتووبەی تەق تەق و خۆڵبارینی دیبەگە نەیدەشێواند!

شمشـــاڵژەنەکان لە پێشـــەوەی کەژاوەی ئەو پیکـــاب و کۆســـتەرانەی بە ســـوخرە هێنرابـــوون، ئـاوازی خەمناکیـان دەژەنی و ئێمەش دەگریاین.

دەفژەنەکان لە دواوەی کەژاوەکەوە تەواشیحی ئایینییان لێ دەدا و ئێمەش سەرمان ڕادەواشاند.

ڕۆشـــنبیرەکان هوتـــافی حەماســـییان دەکێشـــا و ئـــێمەش چەپڵەمان لێ دەدا، بەپێی ڕێنمایی پاسەوانەکانیش چەپڵەکان دەبـووایە هێنـدە قـایم بێـت، زەمەنـی وەسـتاوی مەمـلەکەت بلەرێنێـتەوە، ببـنە باوەشـێن و جەسـتەی دایکـی نیشـتمان لە گەرمای قادرکەرەمدا فێنک بکاتەوە.

لە کۆتاییـــدا لە پێدەشـــتی کۆرمـــۆر و لە ناوەڕاســـتی بیـــرە غازێکـــدا ناشـــتمان، کە دواتـــر بە نـــاوی ئەو مەزارەوە بە قۆنـداخە تفەنـگ چەنـد گونـدێک چۆڵ کـران و هەزاران

هەزار دۆنم زەوی بە دیوارێکی بەرز پەرژین کران.

ناشتمان و ڕاستیان دەکرد موعجیزە بوو، چونکە تەنەنات کێشی سندوقی بەتاڵی کەمانچەیەکی نەبووا

- ئای زەعیم، کاتێک سەرقاڵی ناردنی نامە بوویت بۆ حبری ئەعزەم لە ڤاتیکان، سەرقاڵی پێکهێنانی شاندێک بوویت بۆ ئەزهەری شەریف، تا بە فەرمی ئەو موعجیزەی دایکت بخەنە ناو لیستی موعجیزەکانی خۆیانەوە، ئێمە بە گۆرانیی نەشازی بێ ئاوازی شێتەکانی حەوشە زانیمان سەرپۆیاخکراوەکان چ بازرگانییەکیان بە جەستەی لاوازی دایکتەوە کردووەا

وەک قوولکردنەوەی گیانی هاوکاریی نێوان حیزب و خەڵک، بە ناوی جلی دایکی پیرۆزتەوە، بە هەزاران هەزار تۆپی قوماشی عەمبەرسۆتیان بە ژنەکانی گوند و قەزا و شارەکان فرۆشتووەا

بە ناوی پارچە داری ئەو بێشکەیەی تۆی تێدا بەخێو کراوە، درەختیان لە باخ و شەقامەکاندا نەهێشت و پارچەپارچە دەیانکردە دەسبەند و ملوانکە و ئیمامی تەسبیح و بەسەر فەرمانگەکاندا ساغیان کردەوە.

تەنانەت ئەو دارانەی بە کەڵکی هیچ نەدەهاتن، دەیاندایە دەزگـــا پەیوەندیـــدارەکان و دەیـــانکردە شـــوولەی یەکلاکـردنەوەی دەنگەکـانی هەڵبـژاردن، کە وەک قـامچی لەسـەر سـەبوورەی پشـتی ئـێمەدا دەژمێـردران، دەیـانکردە پلیکـانەی پیرۆز تـا دوای مـردن ڕۆحمـان بە ئاسـانی بچێتە بەهەشت.

شـۆربای گەنـم بە ترشـیان وەک هەریسـەکەی حوسـێن بە نـاوی داشـکاندنێکی گەورەوە بە مـانتۆر و بە دیلیڤەری بـۆ هەموو هاونیشتمانییان چووە.

هەزاران هەزار مەدالیا و کلدانیان بەسەر کچانی ناوەندی و ئامادەییەکاندا دابەش کردووە.

ملیۆنان ملیۆن وێنەی مادۆنا و کیم کاردشیانیان بە ناوی سەردەمی گەنجێتیی دایکتەوە بەسەر کوڕە هەرزەکارەکاندا ساغ کردۆتەوە.

جەرگت دەبووە ئاو بۆ ئەو پیرێژنە گەرمیانـانەی لە ئـاوی جەســـتەیاندا تەنهـــا فرمێســـک مـــابوو، لە ڕەشـــماڵی تەعزییەکـانەوە بە پشـتی جێـبە بێرەقەمەکـانەوە، بە بەڵێنـی

هێنــانەوەی ڕووفــاتی ڕۆڵەکانیــان دەیانهێنــان و لە پرســەی دایکتدا بۆ خزمەکانیان سەردوولکەیان دەگوت و بە پشتێن و جەمەدانیــی مێــردە مردووەکانیــان ئــارەقە و فرمێســک و کەفی دەمیان دەسڕی.

جەرگت دەبووە ئاو کە دەتبینی لەمبەر و ئەوبەری جادەدا مامۆستاکان، لە جیاتیی مووچە، ئاڵایەکی لەماعی بچووکیان لەدەســتدایە و بە بەڵێنــی پێــدانی بەرمیلێــک نەوت بــۆ مەکتەبەکانیان، خواحافیزی لە کەژاوەی ڕەحمەتی دەکەن.

لە کۆڵانەکانی قەیسەری پیاوەکانت بە دزییەوە سەگەکانیان بەر قــــامچی دەدا و دەیانهێنــــانە بەردەم کەژاوە، تــــا بکــــڕووزێنەوە و تێمــــانبگەیەنن ئاژەڵەکــــانیش خەمــــی هەتیوکەوتنی نیشتمانیانە.

هــــاتوون، چەرچەفەکەیــــان بە شــــێوەکارێکی بێبەهــــرە نەخشاندووە.

دەرچــوو بە دوو دروشــم، کادیرەکانیــان کــردۆتە شــەل و ئیفلیج و نابینا و پەککەوتە و بە هەڕەشەی نانبڕین نواندنیان پێ کردوون.

بە تـــانکەر ئاویـــان لە بیـــری مەزرەعەکانیـــان دەرهێنـــاوە و خســـتویانەتە نـــاو شووشـــەی بچـــووک و جـــوانەوە و وەکـــوو ئارەقەی موبارەکی گیانەڵادانی دایکتەوە فرۆشتوویانە.

چـــاوی دایکـــی وەتەنیـــان دەرهێنـــاوە و بە تـــاقیگەیەکی فەرەنسییان فرۆشـتووە، لە شـوێنیدا دوو چاوی شووشـەیان داناوە.

کەپوویـــــان بڕیـــوە و وەک مـــۆدێلێکی جوانکـــــازی بە سەنتەرەکانیان فرۆشتووە.

لووتی باغە و دەستی باغە و قاچی باغەیان بۆ داناوە.

پارچە پێستی مردووی قڵیشانی دەست و پێی مەرحوومیان لە ڕەنـــدە داوە و لەگەڵ حەبـــی ترامـــادۆڵ و کبتـــاگۆن و ئۆکسیکۆدۆن تێکەڵیان کردووە و بە ناوی باشترین جۆری ماددەی هۆشبەر دەفرۆشرێت...


ئەوەتا گەورەم لەناو زەرفێکی جواندایە و لەسەریدا وێنەی دایکتە لە باوەشی پابلۆ ئیسکۆبارەوە!

دڵ و گـــــورچیلە و هەناویشـــــی فرۆشـــــراوە بە دەزگـــــا هەواڵگرییەکـانی چەنـد وڵاتێـک، تـا لە ڕێـگەیەوە بـزانن لە

جینـــاتی تـــۆدا چەنـــد نەخۆشـــیی بۆمـــاوە هەیە، ئەو سەربۆیاخکراوانە سکی ئەو پیرێژنە خێرلەخۆنەدیوەیان پڕ کردووە لەو فانیلانەی لە بازاڕی لەنگەدا لەسەر عارەبانەکان سێی بە هەزار هەڵدەبژێریت.

ئای زەعیم!

لە کۆتاییدا دایکت کرا بەو تۆپەی لە منداڵیدا بە حەسرەت بوویت لەگەڵ خۆتی بخەوێنیت.



ئاوی لمە

نێوچەوانی بیابان...

قسەی هەڵمە و دەبارێتە سەر کارێزەکانی گریان

لە سایەیدا بووکی ئازادی بێوەژنە

تۆماری کەن:

ئەوە سەردەمی منە...

ئەوە سەردەمی منە، لە چوار وەرزیدا

ئەو گوڵەی نازاکێ: کوشتنە.

لە مێژوویدا ئەوەی نەمرە: مردنە.



هەموو شەوێک لە خەودا، خەون بە
نووستنەوە دەبینێ
هەموو ڕۆژێک لە ئاگاییدا،
کەسێک تیایدا نیشتەجێیە
کە نایناسێ
بەر دەخوات
بەڵام دەستی لە جوانییەکانی درەخت بەربووە
لە کۆشکدایە
بەڵام پێی لە خۆشییەکانی پیاسە
بەربووە.
کۆتری هەیە و بێ پەنجەرەی دۆست
ترێی هەیە و شەرابی نییە
هاواری هەیە و نابێتە گۆرانی
بۆ نەدەکرا لیرە و جوانی لەسەر یەک
چرپا بخەون؟!

ئاخر ناشێت نان و زنجیر لەسەر یەک سفرە دانیش!

ئەوەی کەشتی هەبێت

نابێتە خاوەنی "با"

جوانی ناتنووسێ

گەر دزێوی بتخوێنێتەوە.


ئەوەی دیواری هەبێت

لەوانەیە لێ نەگەڕێ نەخۆشی بێتە ژوورەوە

بەڵام مردنی بەستاوەتەوە!

دەشێ شووراکان ڕێگە لە وەڵام بگرن

بەڵام پرسیاریان پێ زیندانی ناکرێ



زەعیم...

هێڵی تەمەن لە

دەستەکانیدا نابینرێ

ناولەپی وەک پێستی

سکی بۆقێکی پیر

ساف و جیڕە

زەعیم...

زیندوێکی دیاری

مردنێکی نادیارە!



پایزی زەعیم

دەسەڵات

هەموو ئەندامەکانی جەستەی هەیە

تەنها گوێ نەبێت.



فام
دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAM PUBLICATION
+964 750 773 71 76
FAMpublication
info@fam.pub • www.fam.pub

COVER DESIGN BY
Bawan Rebwar